# سێکوچکەی زلهێزەکان ( رووسیا- چین- هیندستان ) و چارەنووسی ئۆراسیا
# توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی شیکاریە

پ.ی.د.کامەران احمد محمد امین


**پوختەی توێژینەوە**

دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیستەمی نوێی جیهانی راگەیاند، کە ئەمە واتای سەپاندنی هەژموونی ئەمریکابوو بەسەر هەموو جیهاندا. لە ناوەڕاست و کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بستەمدا زلهێزەکانی ئاسیا، (رووسیا-چین-هیندستان) کەوتنە قۆناغی بووژانەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەمە مەترسیەك بوو لەسەر هەژموون و بالأدەستی ئەمریکا.ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ بابەتی سێکوچکەی ئەو زلهێزە ئاسیاییانەو چارەنووسی ئۆراسیا، ئەو پانتاییە ستراتیژی و گرنگەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە هەژموونی جیهانیەوە هەیە.

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە ئەوەیە: کە ئایا ئەو زلهێزە ئۆراسیانە دەتوانن یەکیەتیەکی ئۆراسی پێکبهێنن و هەژموونەی جیهانی ئەمریکا نەهێڵن یاخود لاواز بکەن؟ گریمانەی سەرەکی ئەوەیە: کە بەڵی ئەو هێزانە بەو ئاراستەیە کاردەکەن ، بەلأم رەنگ بێت لە دواڕۆژێکی نزیکدا نەگەنە ئەو ئامانجە.

سەرباری دەروازە کە بۆ پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئۆراسیا تەرخانکراوە، لە چوار باسدا گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی ئەم توێژینەوە کراوە، لەوانە ململانێی ئەمریکی- رووسی لەسەر ئۆراسیا،هەڵسانەوەی ئاسیاو هەژموونی ئەمریکا،دواتر باس لە هاوپەیمانیەتی چینی رووسی و لە کۆتایشدا لە ئەگەری هاوپەیمانیەتی لەنێوان سێکوچکەی زلهێزەکانی ئۆراسیا توێژۆاوەتەوە. لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانە خراوەتە روو کە توێژەر پێی گەیشتووەو لیستێکیش بۆ ئەو سەرچاوانە کراوە کە سوودیان لێوەرگیراوە.


**ناواخن**


**پێشەکی**

-**دەروازە:** پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئۆراسیا.

-**باسی یەکەم:** ململانێی ئەمریکاو رووسیا لەسەر ئۆراسیا.

-**باسی دووەم:**هەڵسانەوی ئاسیاو هەژموونی ئەمریکا.

**باسی سێیەم** :هاوپەیمانیەتی رووسی – چینی.

**باسی چوارەم:** سێکوچکەی زلهێزەکان ( رووسیا- چین- هیندستان)وچارەنووسی ئۆراسیا.

**لیستی سەرچاوەکان.**

**پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی.**

**پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی.**

## پێشەکی

**گرنگی بابەت:** هەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، شێوازێك لەرێکخستنی پەیوەندیەکان و بەڕێوەبردنی ململانێیەکانی هەیە. بەرلەسەدەی شازدەهەم، کۆمەڵێك ئیمپراتۆریا بالاْ دەست بوون، جگە لە ئیمپراتۆریای رۆمانی، زۆربەی ئیمپراتۆریاکانی تر ئۆراسی بوون، هاوکات ئاسیا بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەی زۆربەی ئاینە جیهانیەکان و شارستانیەتە گەورەکانی مرۆڤایەتیە، بەلاْم دوای ئەو مێژووە ئەوروپا لە هەموو بوارەکانەوە پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئەمە بووە سۆنگەی ئەوەی تا گەیشتە سەدەی بیستەم هەژموونی خۆی بەسەر زۆربەی گۆی زەوی بسەپێنێت، لەوانەش زۆرینەی وڵاتانی (ئۆراسیا)، بۆ ماوەی زیاتر لەیەك سەدە جگە لە یەکێتی سۆڤیەت نزیکەی هەموو وڵاتانی تر کەوتنە ژێر کاریگەری و باڵادەستیەکانی رۆژئاوا. دوای جەنگی دووەمی جیهانیش، بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) وەك زلهێزی یەکەم هاتەپێشەوە، لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، سیستەمی تاك جەمسەری و وەك گەورەترین هێزی هەژموونکار گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵکرد؛ بەلاْم بەماوەیەکی کەم دوای ئەمە کاودانێکی تر هاتە ئارا کەبەشێك لە زلهێزەکانی ئاسیا سەرلەنوێ خۆیان بنیاتنایەوەو بوژانەوەی گەورەیان بەخۆیانەوە بینی، لەوانە هەریەك لە (رووسیا) و (چین) و (هیندستان)، کە گەورەترین زلهێزی (ئۆراسیا)ن، ئەمە وایکرد کە سیستەمی نێودەوڵەتی و بنەماکانی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان ئاڕاستەیەکی تر وەربگرێت. ئەو گۆڕانانە بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەری بەسەر رووداوەکانی کوردستانیشەوە هەیە، چونکە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی پێگەیەکی گرنگی (ئۆراسیا)یە. نووسین لەسەر ئەو بابەتە لە دوو لایەندا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لە لای کورد وەکو خاوەنی دۆزێکی نەتەوەیی بەوردی ئاگادار دەبێت لەو گۆڕانکاریە جیهانیانەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری بەسەر دوارۆژیەوە هەیە، لە لایەکی تر ئەو هوشیاری و زانیاریە بە خوێنەری کورد دەبەخشێت کە بتوانێت لەلایەك شارەزایی دەربارەی بەرژەوەندیەکان و ململانێی زلهێزەکان پەیدا بکات، لە لایەکی تر وردتر چاودێری رووداوەکانی دەوروبەری بکات و باشتر تێیان بگات.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ئەم بابەتە، تێگەیشتنە لەکۆی ئەو سیناریۆو گۆڕانکاریە سیاسیانەی کە لەسەر ئاستی جیهان، زلهێزەکانی بەگشتی و لەسەر ئاستی زلهێزەکانی(ئۆراسیا) بە تایبەتی روویانداوەو روودەدەن، لەبەرئەوەی ئەو گۆڕانکاریانە راستەوخۆ ئایندەی هەژموون و باڵادەستی جیهانی و تەنانەت کۆمەڵگای مرۆڤایەتیان پێوە بەندە؛ لەماوەی پێنج سەدەی رابردوودا رۆژئاوا، جیهانی بەگشتی و ئەو ناوچەیەی بە تایبەتی دووچاری تراژیداو کارەساتی گەورە کردەوە، ئەگەر ئەمجارەیان زلهێزەکانی ئاسیاهەژموونی خۆیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن دەبێت چیان بۆ ناوچەکەی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پێبێت؛ ؟جێگای داخە نووسین لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە بەزمانی کوردی یاخود هەرنیە، یازۆر دانسقەیەو من دەستم نەکەوتوەو ئاگادارنیم؛ کاتێك لیستی سەرچاوەکانم ئامادە دەکرد، زۆربەی دلگران بووم بەوەی کە نووسینێکی ئەکادیمی بە زمانی کوردی، تاقە سەرچاوەیەکی بەزمانی کوردی تێدا نەبێت؛ بەلاْم دوای ئەم نووسینە، ئەگەر توێژەرێکی تر بیەوێت کار لەسەر ئەم بابەتە بکات، بەلایەنی کەم ئەم نووسینەی لەبەر دەستدا دەبێت، هەرچەندە سادەو ساکاریش بێت. بۆیە لەپاڵ توێژینەوە لەو بابەتەو بەدواداچوونی گرێیەکانی ئەو

ململانێ سیاسیەی کە لە ئۆراسیدا روودەدەن، نووسینی ئەم جۆرە بابەتە بە زمانی کوردی یەکێك بوو لە ئامانجە گرنگەکان.

**پرسیاری سەرەکی:** بۆئەوەی بتوانین توێژینەوە لەسەر هەربابەتێك بکەین، سەرەتا دەبێت هەندێك پرسیارمان لا گەڵاڵە بووبێت و بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێین، کە ئەمە بنەمای سەرەکی هەموو توێژینەوەیەکی زانستیە، بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە ئایا زلهێزەکانی (ئۆراسیا)، (روسیا- چین- هندستان)، کە ئێمە لەوتوێژینەوەیەدا کارمان لەسەر کردووە، بە بنەما لەسەر ئەو مێژووەی هەیانە دەتوانن یەکیەتیەکی ئۆراسی پێکبهێنن و هەژموونی (ئەمریکا)و ئەوروپا لەسەر ئاسیا بەگشتی و (ئۆراسیا)بەتایبەتی نەهێڵن یاخود کەمی بکەنەوە، یاسەرباری هەڵسانەوەو ئەو بووژانەگەورەیەی بەخۆیانەوە بینیوە هەرگیز ناتوانن لەمەداری هەژموونی رۆژئاوا، بە تایبەتی (ئەمریکا) خۆیان رزگاربکەن؟

**گریمانەی توێژینەوە:** ئاڕاستەی رووداوەکان بەرەو ئەوە دەڕوات کە لەدواجاردا یەکیەتیەکی ئۆراسی لە دایك دەبێت، (رووسیا)و (چین) و (هیندستان)، بەتایبەتیش (چین) و (رووسیا) رۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستکردنی ئەو یەکیەتەدا، سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی و ستراتیژی و مێژوویی وئابوری وکۆمەڵایەتی، کۆسپی گەورەیان بۆ دروست دەکات! لەدواجاردا بەهۆی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە لە دەرەوەی (ئۆراسیا)وە دەکرێتە سەریان لەیەکتر نزیك دەبنەوەو هەژموونی خۆیان بەسەر (ئۆراسیا) دەسەپێنن و پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان لەسەر بنەمای هاوسەنگیەکی  نوێی هێز دادەڕێژنەوە، بەڵام رەنگ بێت هەژموون و باڵا دەستی ئەو زلهێزە ئاسیایی و (ئۆراسیا)نە، هەمان شێوەی هەژموونی ئەوروپی و ئەمریکیەکان نەبێت، کە هەوڵیاندا جیهان لەناوخۆیان دابەش بکەن و رکابەرەکانیان و کۆمەڵگا لاوازەکانیش بێبەزەییانە بپلیشێننەوە! لەبەرئەوەی هەژموونی ئەو زلهێزە ئاسیاییانە لەسەردەمێك و قۆناغێکی جیاوازتردا دەبێت، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەهەموو ئاستەکاندا پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەخۆیەوە دیوە بەتایبەتیش لە بواری تەکتەلۆژیاو گەیاندن و چەکی وێرانکەردا، ئەمە وادەکات هەر رووبەڕووبوونەوەیەك لەنێوان ئەو زلهێزانەو رۆژئاوادا، بەهیچ شێوەیەك لە رووبەڕووبوونەوەکانی سەدەی بیستەم نەچێت و زۆر مەترسیدار تربێت، بۆیە ململانێیەکان شێوازێکی ئەقڵمەندانەتر بە خۆیەوە دەگرێت! دروست بوونی یەکیەتیەکی (ئۆراسیا) دەبێتە هۆی لاوزاکردنی هەژموونی ئەوروپی و ئەمریکیەکان تائەوپەڕی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بنەبڕیان بکات! لە لایەك بەهۆی ئەو قەبارە گەورەیەی هێزو ئامڕازەکانی هێز کەلەبەر دەستی هەریەکێکیاندایە، لەلایەکی تر سەرباری بوونی ململانێیەکی سەخت، بەرژەوەندیەکان هەموو هێزەکانی ئەو دووبەرەیەی بەشێوەیەکی وا بەیەکتر بەستۆتەوە، کە کەوتنێکی نائاسابی هەریەکێکیان، وەکو یاری دۆمینۆ، دەبێتە هۆی کەوتن یاخود لاواوازبوون و زیان پێگەیشتنی هەموو لایەنەکانی تر، بۆیە رەنگ بێت تێکشکاندنی هێزە ئەوروپی و ئەمریکیەکان لە بەرژەوەندی خودی هێزە ئۆراسیەکانیشدا نەبێت! هەربۆیە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندیەکان دەست پێدەکات کە تارادەیەکی باش، جۆرە هاوسەنگی و یەکسانیەکی تیادا دەبێت لەنێوان ئەو هێزانەدا، ئەگەر گریمانەی پێچەوانەی ئەمە بکەین، ئەوا قۆناغێکی ئێجگار ئاڵۆزو وێرانکار بۆ سەراپای مرۆڤایەتی دەست پێدەکات!

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی مێژوویی-شیکاری بەستووە بۆ لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی رووداوو گۆڕانکاریەکان.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوە:** دیارە لە نووسینی هەموو توێژینەوەیەکدا هەندێك کۆسپ و ئاستەنگ هەن کە بەرۆکی توێژەر دەگرن و کارەکەی لێ سەختتر دەکەن، بەتایبەتیش لە دۆخێکی وەك ئەودۆخەی کە ئەمڕۆ باشووری کوردستانی تیادا دەژیت، کە بە قۆناغێکی قەیراناوی زۆر مەترسیداردا گوزەردەکات، لەرووی دەروونیەوە تاکەکانی کوردی نەك حەوسەڵەی توێژینەوەیان نەماوە، بگرە خوێندنەوەش ئەو بایەخەی جارانی لەدەستداوە، بۆیە کارکردن لەسەر نووسینێك کە لەسەرەتاوە بزانی خوێنەری کەم دەبێت و نووسینەکە گرنگ بێت یاخود نا، ئەو بایەخەی نابێت! کۆسپێکی گەورەی دەروونی بۆ توێژەر دروست دەکات، لەپاڵ ئەمە رەنگ بێت یەکێك لەکێشە هەرە سەرەکیەکانی نووسینی ئەم توێژینەوەیە زۆری سەرچاوە بێت، کە توێژەر ناچار دەکات گوڵبژێرێك لەنێوان ئەو سەرچاوەکاندا بکات، کە دیارە ئەمەش کاتی دەوێ و کارێکی ئاسان نیە، سەرباری ئەمە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتوون بەزمانی ناکوردین و تاکە سەرچاوەیەکیش بەزمانی کوردی نەبوو، کە ئەمە لە پاڵ نووسیندا ئەرکی وەرگێڕانیش زیاد دەکات، بەڵام لەبەر خۆشەویستی بۆ بابەتەکە ئەو کۆسپانە نەیانتوانی ببنە رێگرو ئەو توێژینەوەیە بەم شێوەیەی ئێستا هاتە بەرهەم.

**پلانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لەدەروازەیەك و چواربەش پێکهاتووە، دەروازەکە تەرخانکراوە بۆ بایەخ و پێگەی جیۆپەلەتیکی (ئۆراسیا)، لە باسی یەکەمدا ململانێی (رووسیا)و (ئەمریکا) لەسەر (ئۆراسیا)دا شرۆڤە کراوە، گفتوگۆ لەسەر هەوڵەکانی (ئەمریکا) کراوە کە دوای بەکۆتاهاتنی شەڕی ئەنجامیداوە بۆ داخستنی هەموو دەروازەیەکی ژیاری و جیۆپۆلەتیکی لەبەردەم (رووسیا)، بەرامبەر ئەمەش کارەکانی (رووسیا) روونکراوەتە بۆ شکست پێهێنانی ئەو هەولانەی (ئەمریکا)، باسی دووەم بۆ هەڵسانەوەی ئاسیاو هەژموونی (ئەمریکا) تەرخانکراوە، ئایا واگاهاتنەوەی ئەو هێزانەی ئاسیا، بە تایبەتیش (چین)، دەتوانێت رادەیەك بۆ هەژموونی (ئەمریکا) دابنێت؟! هەوڵدراوە کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، هەرچی باسی سێیەمە، باس لە هاوپەیمانیەتی هێزەکانی (ئۆراسیا) دەکات، بەتایبەتیش (رووسیا)و(چین) بۆ هێنانەدی هاوسەنگیەکی هێزی نوێ، دوا باسیش بۆ سیکوچکەی هێزەکانی (ئۆراسیا) (هیندستان)و (چین) و (رووسیا) و کاریگەریان لەسەرچارەنووسی (ئۆراسیا) تەرخانکراوە، لەکۆتایشدا گرنگترین ئەو سەرئەنجامانە خراوەتە روو کە توێژەر پێی گەیشتووە، هاوکات لیستێکیش بۆ ئەو سەرچاوانە ئامادەکراوە کە لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە.

## دەروازە: پێگەی جیۆپۆلەتیکی (ئۆراسیا)

(ئۆراسیا) گەورەترین کیشوەرە لە جیهان، لە بواری جیۆپۆلەتیکیدا تەوەرێکی گرنگە، ئەو هێزەی کە کۆنترۆڵی (ئۆراسیا) بکا، کۆنترۆڵی سێ ناوچەی زۆر پێشکەوتوو دەوڵەمەند لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی ئابوری و دوو ناوچە کە نزیکە ٧٥٪ دانیشتوانی جهانی تێدایە دەکات، زۆرینەی سامانەکانی جیهان، چ ئەوەی لە ژێر زەویدا شاردراوەتەوە، یاخود ئاشکرایەو لە پرۆژەو کارەکانیدا بەکاردەهێنرێت، ٦٠٪ کۆی بەرهەمی نەتەوەیی جیهان لە وێدایەو نزیکەی سێ چارەکی سەرچاوەی وزە ناسراوەکانی جیهانی تێدایە([1]). لە کاودانی جیهانی ئێستادا،

[1]- زبغنيو بريجنسكى، رقعة الشطرنج الكبرى، الاولية الامريكية و متطلباتها الجيوستراتيجة، ترجمة:امل الشرقي، الاهلية للنشر والتوزيع، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان، الطبعة العربية الاولى، ١٩٩٩، ص ٤٨.

دەتوانین پێنج یاریزانی جیۆستراتیژی سەرەکی دیاری بکەین لەگەڵ پێنج تەوەری جیۆپۆلەتیکی(لەنێوانیاندا دوانیان تا رادەیەك لەبارن بۆ ئەوەی ببنە یاریزان ) لەسەر نەخشەی سیاسی نوێی (ئۆراسیا)، هەریەك لە فەرەنساو ئەڵمانیا و روسیاو (چین) و(هیندستان)، یاریزانی چالاك و سەرەکین، لە کاتێکدا بەریتانیای مەزن ز ژاپۆن و ئەندەنوسیا، سەرباری ئەوەی کە گومانی تیا نییە دەوڵەتی زۆر گرنگن، بەڵام ئامادەنین بۆ ئەوەی ئەو رۆڵە بگێڕن، هەریەك لە ئۆکرانیا و ئازەربایجان و کۆریای باشورو تورکیاو (ئێران) رۆڵی تەوەری جیۆپۆلەتیکی زۆر گرنگ و یەکلایکەرەوە دەبینن، سەرباری ئەوەی کە هەریەك لە (تورکیا)و (ئێران) لە رووی جیۆستراتیژییەوە لە چوارچێوەی توانا سنووردارەکەیانەوە تا رادەیەك چالاکن ([2]) .

لە رۆژگاری ئەمرۆماندا مەسەلەی جیۆپۆلەتیك چیتر ئەوە نەما کەوا چ ناوچەیەکی جوگرافی لە (ئۆراسیا) دەبێتە خاڵی دەستپێك بەرەو سەروەرییەتیەکی کیشوەری، یاخود قەڵەمرەوی وشکانی لەقەڵەمرەوی دەریایی گرنگترە یاخود بە پێچەوانەوە، جیۆپۆلەتیکا لە رەهەندێکی هەرێمییەوە گوێزراوەتەوە بۆ رەهەندێکی جیهانی، بە شێوەیەك کە کۆنترۆڵکردنی تەواوی (ئۆراسیا) بنەکەیەکی سەنتەری دەرەخسێنێت بۆ سەروەرییەتیەکی جیهانی! ولاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) کە هێزێکی ئۆراسی نییە، ئەمرۆ سەروەرییەتییەکی نێودەوڵەتی هەیە و بە شێوەیەکی راستەوخۆخۆ قەڵەمرەوی خۆی لە سێ لای (ئۆراسیا) بلاوکردۆتەوە ولەورێگایەوە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئەو دەوڵەتانە دروستکردووە کە دەکەونە دواوەی (ئۆراسیا)، بەلام (ئۆراسیا) کە یەکێك لە گرنگترین یاریگا نێودەوڵەتیەکانە، ئەو زەمینەیە کە هەمیشە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت لە کاتێك لە کاتەکان رکابەرێکی پێشبینیکراوی بۆ (ئەمریکا) تیادا دەرکەوێت! چونکە جیۆستراتیژیای ئۆراسی بە گوێرەی ولاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) بەرێوەبردنێکی مەبەستدار دەگرێتەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە دینامیکییەتێکی جیۆستراتیژییان هەیە، هاوکات مامەڵەکردنێکی وریایانە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هاندەرێکی جیۆپۆلەتیکیان هەیە، بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ هەردوو بەرژەوەندی جمکی (ئەمریکا)، پاراستنی هێزی (ئەمریکا)ی جیهانی دانسقە لە مەودای نزیك، گوێزرانەوەی ئەو هێزە بۆ هاریکاری دام و دەزگای زێدەبووی جیهانی لە مەودایەکی دوور، ئەگەر ئەو دەستەواژانەمان گەڕاندەوە بۆ چاخی هۆڤییەتی ئیمپراتۆریاکانی کۆن، ئەوا سێ پێداویستی گەورەی جیۆستراتیژی ئیمپراتۆریا بریتیە لە رێگا گرتن لە بەریەك کەوتن و پارستنی پاشکۆیەتی ئاسایشی لە نێوان نمایندەکان و هێشتنەوەی دەوڵەتە پاشکۆکان بە پارێزراوی و گوێڕایەڵی، رێگاگرتن لە بەربەرییەکان کە لەنێو خۆیاندا بەیەك بگەیەن([3]). بۆیە لە کاتێکدا (بیل کلینتۆن) سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) هەموو جیهان سەرقاڵ کردبوو بە کردارە سێکسییەکانی، سەرۆك و حوکمڕانانی راستەڤینە لە (ئەمریکا) خەریکی ئەوە بوون کە چۆن پلانەکانی خۆیان جێبەجێبکەن بۆ ئەوەی لەسەرەخۆ کۆنترۆڵی (ئۆراسیا) بکەن لە رێگای کۆنترۆڵکردنی نەوت و هێڵەکانی زیندووەکانی وزە، لە و ناوچانەی کە ئامانجیيان بوو، کۆسۆڤۆ لە رۆژئاواوە تا ئازەربایجان لە رۆژهەلاتەوە([4]).

---

[2]- هەمان سەرچاوە، ص ٥٩ .

[3]- هەمان سەرچاوە، ص ص٥٧-٥٨.

[4]- عبدالحي يحي ظلوم، حروب البترول الصليبية والقرن الامريكى الجديد، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٥، ص٤٣.

پشت بەستن بەمەو تەرکیزکردن لەسەر یاریزانە بنەڕەتییەکان و خەملاَندنێکی تەندروست بۆ ناوچەکە، پێویستە ببێتە خاڵی دەستپێك بەرەو داڕشتنەوەی جیۆستراتیژییایەکی پێویست بۆ ئیدارەدانێکی ماوەدرێژی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی (ئەمریکا) لە (ئۆراسیا)، بۆ ئەمە مەبەستەش پێویستە دوو هەنگاوی بنەڕەتی بنرێت :

١-دیاریکردنی ئەو دەوڵەتانەی (ئۆراسیا) کە داینامیکیەتێکی جیۆستراتیژییان هەیە، هێزی پێویستیان هەیە بۆ ئەگەری ئەنجامدانی گۆڕانی گرنگ لە دابەشکردنی نێودەوڵەتی هێزەکان و ئاشکراکردنی ئامانجە دەرەکییە سەنتەرییەکان بۆ سەرکردایەتییە سیاسیەکانیان، ئەنجامی چاوەڕوان کراویش دەکەوێتە سەر ئەو هەولاَنەی کە پێویستە لەسەرییان بیدەن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە. دواتر دیاریکردنی ئەو دەوڵەتە (ئۆراسیا)نەی کە کە دۆخێکی جیۆپۆلەتیکی هەستیارییان هەیە کە پێگەکەیان یاخود بوونیان شوێنەوارێکی هاندەرانەی لەسەر یاریزانە جیۆسارتیژییە چالاَکەکان و تێکڕای کاودانە هەرێمییەکەدا هەیە.

٢-دیاریکردنی سیاسەتێکی ئەمریکی سنووردار بۆ هەموارکردنەوەو بەشداری پێکردن، یاخود کۆنترۆڵکردنی ئەو دەوڵەتانەی کەبە شێوەیەك لەشێوەکان بەرژەوەندییە ژیارییەکانی (ئەمریکا) بپارێزێت یاخود بەرەو پێشەوەی بەرێت، و جیۆستراتیژییەتێکی بەرفراوانتر ئامادە بکات، کە لەسەر ئاستی جیهانیدا بەیەکەوە گرێدانێك لەنێو سیاسەتە زۆر وردو دیاریکراوەکانی (ئەمریکا) بچەسپێنێت.

ئەوەی ئێستا لە ناوچەکە روودەدات، قۆناغێکی گوێزرانەوەیەو ململانێ راستەقینەکە هێشتا دەستی پێنەکردووە، ئەو رووداوانەی لەماوەی دوو دەیەکی رابردوودا روویانداوە، کە لەگرنگترینیان شەڕی کەنداوی دووەم و قەیرانی کەنداوی سێیەم کە بەداگیرکردنی عێراق و رووخانی رژێمی بەعس بە کۆتا هات دەکەوێتە چوارچێوەی قۆناغی گوێزرانەوەوە، ئەو قۆناغە ئامانجی ئامادەکردنی بنکەیەکە بۆ ململانێکان، یاخود وەك ئەوەی سەربازیەکان پێی دەڵێن (ئامادەکردنی گۆڕەپانی شەڕ)ە، یا وەك توێژەرێك ناوی دەنێت (پاککردنەوەی کەوانەی هەژموونیە). چونکە ناوچەی کەنداو، کە بە واتا سیاسیەکەی تا ئەفغانستان درێژ دەبێتەوە دەکەوێتە کەوانەی هەژموونی (ئەمریکا)وە، ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی کرداری کەوتۆتە ژێر هەژموونی (ئەمریکا)، بەلاَم هەندێك هێزی دڵەراوکێکەر لەناوچەکە هەیەو بۆی هەیە پلانەکانی (ئەمریکا) تێکبدات! بۆیە لەو کاودانەدا بۆ (ئەمریکا) جۆرە سەرەرۆییەکە، کە راستەوخۆ بچێتە ناوچەی سەرەکی ململانێیەکە (ئاسیای ناوەڕاست) بە بێئەوەی ئەو ناوچەیە پاك بکاتەوەو ئارامی و سەقامگیری بسەپێنێت! ([5]). دیارەئەمەش لە قۆناغی ئێستادا بەهۆی بەرزبوونەوەی رۆڵی (رووسیا)و (چین) بەپلەی یەکەم و هێزە هەرێمایەتیەکانی تر بە پلەی دووەم کارێکی ئاسان نیە.

بەشێك لەو هۆکارانەی کەوای کردووە گەلانی ئاسیا لە گردبوونەوەیەکدا کۆنەبنەوە، فاکتەری جوگرافیە، کە بەدرێژایی مێژوو هێڵێکی تیژو لەیەکترجوداکەرەوەی لەنێوان رۆژهەلاَتی ئاسیاو باشوری ئاسیا سەپاندووە، راستە زنجیرەیەك لە کاریگەری رۆشنبیری و فەلسەفەری و ئاینی، لەو هێڵە جوداکەرەوەیە بالاَتر بوون تێیانپەڕاندووە، کۆمەڵێك چەمکی حوکمی کۆنفۆشیوسی و (هیندستان)ۆسی بەکەوە ژیاون لە باشوری

---

[5] - د.ابراهيم ابوخزام، اقواس الهيمنة، دراسة لتطورالهيمنة الامريكية من مطلع القرن العشرين حتى الان، دار الكتاب الجديد المتحدة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ص٢٠٠٤، ص ٨٥.

ڕۆژهەلاَتی ئاسیا، بەلاَم لەگەلْ، ئەوەشدا کۆسپی چیاکان و دارستانەکان (هیندستان)ە سەختتر بووە ڕێگای بە تێکەلاَوبوونی سەربازی لەنێوان ئیمپراتۆریا گەورەکان لە هەردوو بەشی باشوورو ڕۆژهەلاَتی ئاسیا نەداوە، بۆیە دەبینین هاتنە ناوەوەی مەغۆلەکان بۆ نیمچە دورگەی (هیندستان)ی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بوو نەك لە چیاکانی هیمالایاونەیانتوانی بگەنە بەشەکانی باشووری (هیندستان)، بە درێژایی سەدەی بیستەم لە لایەنی مێژوویی و جیۆپۆلەتیکیەوە هەرێمە جیاوازەکانی ئاسیا ڕێکای جیاوازیان گرتە بەر، زۆر لەوسیستەمە هەرێمایەتیانەی کە لەو قۆناغەدا دامەزران، هیچیان لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی (ویستفالیا)، واتەرۆژئاوا نەبوون! لەکاتێکدا دەولەتە ئەوروپیەکان مکوڕبوون لەسەر هێنانەدی جۆرێك لەهاوسەنگی لەنێوان دەولەتە خاوەن سەروەریەکان، کەلەرووی جوگرافیەوە سنووردار بن و لەناو خۆیاندا بەیەکسانی دان بە مافەکانی یەکتر بنێن، بەلاَم تاماوەیەکی زۆریش لەسەردەمی نوێ تێپەڕی، هێزە سونەتیە ئاسیاسیەکان هەربە پێوەرێکی تەم ومژاوی ترەوە سەیری دۆخەکەیان دەکرد، تاوەکو بڕینی ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی نوێش، جیهانی ناوخۆی ئاسیا، نەیانتوانی لەژێر کاریگەری ئیمپراتۆریای مەغۆلی و (ڕووسیا)و ئیسلامی و سیستەمی خەراج وەرگرتنی ئیمپراتۆریای (چین)یدا رزگاربن([6]). بۆیە ئەمریکیەکان پێیان وایە کە بۆئەوەی (ئەمریکا) بیەوێت هەژموونی جیهانی خۆی بپارێزێت، پێویستە شەڕ لەسەر مانەوەی هەژموونی خۆی لەسەر (ئۆراسیا) بکات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لایەنەکانی تر بیانەوێ هەژموونی جیهانی (ئەمریکا) نەهێلْن یاخود لاوازی بکەن، دەبێت دەستی (ئەمریکا) لە (ئۆراسیا)دا ببڕنەوە. بۆ ڕێگا گرتن لە زیادبوونی هەژموونی (ئەمریکا)و هێنانەدی ئەم ئامانجە، ڕوسیا زۆر بەگەرمی کار لەسەر دامەزراندنی یەکیەتیەکی ئۆراسی دەکا، واتە کار لەسەر هاتنە بەرهەمی ئەو سیناریۆیە دەکا کە (ئەمریکا)ییەکان بەمێردەزمەیەکی دەزانن لەسەر بالاْدەستی و هەژموونی لە (ئۆراسیا)، نەمانی بالاْدەستی (ئەمریکا) لە (ئۆراسیا)، واتای هاتنە خوارەوەی (ئەمریکا) لە ڕێزبەندی یەکەمی هێزەکانی جیهانی و شکست هاتنی سیستەمی نوێی جیهان و تاك جەمسەری، بەیەکگرتنی زلهێزەکانی وەکو ڕوسیاو (چین) و (هیندستان)و (ئێران)، چوارچێوەی گەورەترین هێز دادەمەزرێت کە تاوەکو ئێستا مێژوو بە خۆیەوە نەدیوە! (ڕووسیا) بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەسەرەتا لەنێوان دەولەتەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەتی پێشووەوە دەستی پێکردوە"ڕێکەوتنامەی یەکێتی ئابوری ئۆراسی لە ١ کانونی دوەمی (٢٠١٥) وە کەوتە بواری- جێبەجێکردن، سێ دەولەتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ڕوسیا و بیلا ڕوسیاو کازاخستان، دوای سالێك لە گفتوگۆ گەیشتنە دامەزراندنی یەکێتیەکی ئابوری نوێ، لە ژێر ناوی (یەکێتی ئابوری ئۆراسی)، هەرسێ دەولەت لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە" کەل و پەل و خزمەتگوزاری و سەرمایەو دەستی کرێکار، ئازادانە لەنێو سنووری ئەو سێ دەولەتەدا بسوڕێنەوە، هەروەها سیاسەتێکی ئابوری بگرنە بەر کە لەسەری ڕێکەوتوون، یاخود یەك سیاسەتی ئابوری بگرنە بەر"([7]).

لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیەوە (ئەمریکا) وەك دورگەیەك دوورە لەکەنارە فراوانەکانی (ئۆراسیا)، کە سەرچاوەکانی و ژمارەی دانیشتوانەکەی تا ڕادەیەکی زۆر لە هی ئەو زیاترە، کۆنترۆلکردنی تاکە هێزێك لەسەر هەربەشێکی (ئۆراسیا)، مەترسیەکی ستراتیژی دەبێت بۆ سەر(ئەمریکا)، جا ئەگەر شەڕی سارد لە ئارادابێت یا لە ئارادا

---

[6]- هنری کیسنجر، النظام العالمي، تاملات حول طلائع الامم و مسار التاريخ، ترجمة:د.فاضل جتكر، دارالكتاب العربي، بيروت، لبنان، ٢٠١٥، ص ٢٠٨.

[7]- الاتحاد الأوراسي يبصر النور، يناير (٢٠١٥)، ١٢:١٧، http://arabic.sputniknews.com

نەبێت، ئەو کۆبوونەوەیە دەتوانێت سەرەتا لە رووی ئابوریەوە دواتریش لە لایەنی سەربازیەوە (ئەمریکا) جیبهێڵێت، لەسەر ئەو بنەمایە پێویستە (ئەمریکا) بەرەنگاری ئەو مەترسیە بێتەوە، ئەگەر هاتو و هێزی کۆنترۆڵکار باش و چاکەخواز دیاربێت، لەبەرئەوەی ئەگەر نیازەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات، (ئەمریکا) هێزەکەی خۆی زۆر بە لاوازی دەبینێتەوەو بەرەنگابوونەوە ئەو کاتە هیچ سوودێکی نابێت و ناکارامەیی زیاتر دەبێت لە بەڕێوەبردنی رووداوەکان([8]). بۆیە دەبینین زۆر بە وریاییەوە چاودێری پەیوەندی نێوان هێزەکانی (ئۆراسیا) دەکاو هەرگیز نایەوێت ئەو هێزانە بەیەکەوە یەکیەتیەك پێکبهێنن، کە لە کۆتایدا ببێتە هۆی نەهێشتی باڵا دەستی ئەو، لەوناوچەستراتیژی وهەستیارەی جیهاندا، بەپلەی یەکەمیش ئەو زلهێزانەی سەرچاوەکانی فراوان بوون و باڵادەستیان لەبەردەستدایە وەکو (رووسیا) و (چین) و (هیندستان).

## باسی یەکەم:ململانێی (ئەمریکا-رووسیا) لەسەر (ئۆراسیا)

هەر لەسەردەمی (پەترۆسی گەورە)وە(★[9]) (رووسیا)هەوڵی فراوانخوازی زیاتری داوە، دیارە بواری فراوانبوونی (رووسیا)ش لە رۆژهەڵاتەوە ئاسیای ناوەڕاست و لە رۆژئاواوە ئەوروپای رۆژهەڵات و ناوچەی باڵکان و لە باشوورەوەش رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، مێژووی ئیمپراتۆریای (رووسیا) بەکارکردن بۆ هێنانەدی دووخەون جوێدەکرێتەوە، فراوانکردنی ئەو هەرێمانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی دایە تائەوجێگەیەی کە لەتوانایدا بێت، لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی خۆی، هاوکات کرانەوە بەسەر ئەو دەریایانەی کە نزیکن لێی، وەك دەریای (باڵتیك و دەریای رەش) بۆ ئەوەی داخرانی کیشوەری خۆی تێکبشکێنێت([10]). دوای رووخانی (رووسیا)ی تەزاری و دامەزراندنی فەرمانڕوایی یەکێتی سۆڤیەت، سەرباری گۆڕانی سیستەمی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، پێگەی جیۆپۆلەتیکی (رووسیا) وەك خۆی مایەوەو هەمان کاریگەری قۆناغی ئیمپراتۆریای تەزاری هەبوو بەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت! راستە سەرەتا بەشێك لە شۆڕشگێڕان پێیان باش بوو کە شۆڕش نەوەستێنرێ تا هەموو ولاَتان دەگرێتەوە، بەلاَم لە دواجاردا ئەو رەوگەیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە دەیگوت دەبێت سەرەتا دەسەڵاتی کۆمۆنیزم لەوناوچانەدا بسەپێنێن کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندابوو، دواتر هەوڵی فراوانکردنی شۆڕشەکە بدرێت! بێگومان ئەمە لە رووی تیوریەوە، ئەگینا لەرووی پراگماتیزمەوە هەرکاتێك توانای ئەم کارەیان هەبایەو دەرفەتیان بۆ برەخسابوایە، ئەمە بەشێك بوو لەپڕۆژەی سیاسی و ستراتیژیەتی سۆڤیەتیەکان، لە دوای جەنگی دووەمی جیهان، سۆڤیەت وەك سەرکردەی بلۆکی رۆژهەڵات بووە رکابەری (ئەمریکا)و رۆژئاواییەکان، واتە بلۆکی رۆژئاوا، لەو جەنگەدا سۆڤیەتیەکان بەهۆی زیانی زۆرەوە توانای ئەوەیان

[8] - هنری كيسنجر، الدبلوماسية من الحرب الباردة حتى يومنا هذا، ترجمة:مالك فاضل البديرى، الاهلية للنشر والتوزريع، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان، ١٩٩٥، ص ٥٣٩.

[9] ★- پەترۆسی گەورە یاخود پیتەری مەزن(١٦٧٢-١٧٢٥) لە کرەملین لەدایك بووەو لەساڵی (١٦٨٢) فەرمانڕەاویی رووسیای گرتە دەست، بەهاوبەشی زڕبراکەی(ئیڤانی پێنجەم)فەرمانڕەوایی دەکرد، مرۆڤێکی بێ سەبرو توندو تێژبوو، لە هەمان کاتدا ئازاوژیرو هەستیارو ورد بین بوو، لەژێۆ کاریگەری رۆژئاوا کۆمەڵێك گۆڕانکاری پۆزەتیڤانەی لە ولاَتەکەیدا ئەنجامدا، بنیاتنەری شاری (سانت پەتروس بۆرگە) کە بۆ زیاتر لەدوو سەدە بووە پایتەختی رووسیا: https://ar.wikipedia.org

[10] - د.زهير بوعمامة، امن القارة الاوروبية في السياسة الخارجية الامريكية بعد نهاية الحرب الباردة، دار الوسام العربي، الطبعة الاولى، ٢٠١١، ص ٥٣٧.

نەما کە ستراتیژیەتە دوورمەودایەکەیان بێننە دی، بۆیە رۆژئاواییەکان پێیان وابوو کە سۆڤیەتیەکان ناتوانن مەترسیەکی گەورە لەسەر جیهانی رۆژئاوا دروست بکەن! لە راپۆرتێکی باڵوێزخانەی بەریتانیا کەلەساڵی (١٩٤٦)بۆ وەزارەتی ناوخۆی وڵاتەکەی ناردووە، داهاتووە: "لەگەڵ ئەوەی روسیای سۆڤیاتی نیازی وایە کە بە هەموو ئەو ئەمرازانەی لەبەردەستیدایە نفووزی خۆی بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشی جیهانی لەبەرنامەیدا نەماوە، هیچ شتێکیش لە بارودۆخی ناوخۆی (رووسیا) هانی نادات بگەڕێتەوە نەریتە شۆڕشگێرییە کۆنەکانی، پێویستە لە هەر بەراوردکردنێك لەنێوان هەڕەشەی ئەڵمانیا بەر لە جەنگ و هەڕەشەی سۆڤیەت لەکاتی ئێستادا، رەچاوی هەندێك جیاوازی بنەڕەتی بکرێت، مەترسی کارەساتێکی کت و پڕ لە لایەن رووسەکانەوە زۆر کەمترەوهەرگیز بەو کارەساتە ناپێورێت کە لە لایەن ئەڵمانەکانەوە دێت"([11]). بەڵام چەند ساڵێك دوای ئەمە کاتێك قەیرانی ڤێتنام گەیشتە ترۆپك و ڤیتنامی باکوور پەلاماری ڤیتنامی باشووریدا، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)(ترومان) لە ساڵی (١٩٥١) شاندێکی لە پسپۆڕانی مەدەنی نارده ڤیتنام بۆئەوەی بەرگری شەڕی پارتیزانی بکەن، (ئایزنهاور) لە ساڵی (١٩٥٣) پسپۆڕی سەربازی بۆ ئەو شاندە زیاد کرد، (جونسون) لە ساڵی (١٩٦٥) هێزێکی سەربازی بڵاوە پێکرد، زۆری پێنەچوو ژمارەی ئەو هێزە زیادی کرد تاگەیشتە نیوملوێن سەرباز، ئیدارەی (جۆن کیندی) بەردەوام بوو تا لێواری جەنگ، دوای ئەوە ئیدارەی (جۆنسۆن) شەڕەکەی بەهی خۆی زانی! چونکەگەیشتوونە ئەو بڕوایەی کە داگیرکردنی ڤیتنامی باشوور لە لایەن ڤیتنامی باکوورەوە"سەرەنیزەیەکی (چین)ی-سۆڤیەتیە بە ئامانجی سەپاندنی هەژموونی جیهانی کۆمۆنیزم، بۆیە پێویستە هێزەکانی (ئەمریکا) رووبەروویان بێتەوە تاوەکو باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا هەمووی نەکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکان" ([12]).

دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و باڵادەست بوونی (ئەمریکا)ییەکان، ماوەیەك (رووسیا)ی فیدڕاڵ تارادەیەك بە سستی مایەوە، (ئەمریکا) دەیویست سوود لەو دەرفەتە ببینی و بەخێرایی تەواوی (ئۆراسیا) کۆنترۆڵ بکات، بەڵام نەیدەویست راستەوخۆو چالاکانە خۆی لەکاروباریسنوورەکانی دەوروبەری (رووسیا) هەڵقورتێنێت، بۆیە سێ دەوڵەتی هەڵبژارد کە ئەو ئەرکەی بۆ بەجێبگەیەنن: ئۆکراینا(بەرزترین پاڵپشتی ئەمریکی) و کازاخستان(بەرزترین وەبەرهێنانی ئەمریکی) وئازەربایجان(زۆرترین چالاکی کۆمپانیاکانی ئەمریکی)بەم چەشنە وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) لەسێ لای گرنگەوە سنوورێکی بۆبڵاوبوونەوەی نفووزی (رووسیا) دادەنا، لە باڵکان بەهۆی ئۆکراینەوە، لە قەوقاز بەهۆی ئازەربایجانەوە، لە ئاسیای ناوەڕاست بە هۆی کازاخستانەوە([13]). لەپاڵ ئەمەدا (ئەمریکا) هەوڵیدا هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی وەکو ئامرازێك لەو ململانێیەدا بەکاربهێنێت! لە ١٨ ئۆکتۆبەری (١٩٩٥) سەرۆکی (رووسیا) (بوریس یەلسین) گوتی :"فراوانکردنی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی رووەو ئەوروپای رۆژهەڵات بەشێوەیەك کە بڵاوەپێکردنی چەکی ئەتۆمیش بگرێتەخۆکارێکی شێتانەیە! ئایا (رووسیا) ئەمە قبووڵ دەکات؟نەخێر، دیسان نەخێر! " هاوکات پڕۆژەی

---

[11]-اریك هوبزباوم، عصر التطرفات-القرن العشرين الوجيز، ١٩١٤-١٩٩١، ترجمة:فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠١١، ص٤٠٥.

[12]- هنرى كيسنجر، النظام العالمي، ...، ص ٢٩٠.

[13]- أ.ني، اوتكين، النظام العالمي للقرن الواحد والعشرين، ترجمة:يونس كامل ديب و د.هاشم حمادى، دار المركز الثقافي للطباعة والنشر والتوزيع، البعة الاولى، ديمشق، سوريا، ٢٠٠٧، ص ٤٠١.

فراوانکردنی ناتۆی سەرکۆنەکرد پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کاتێك دوو بلۆك لە ئەوروپا دەبن، بێگومان پاساوێك بۆ رووبەرووبوونەوە دەدۆزنەوە([14]). لەگەڵ ئەوەش هەندێك لە رۆژئاواییەکان وایاندەبینی کە هەوڵدانی (ئەمریکا) بۆ فراوانکردنی فەڵەمڕەوی خۆی لە پانتاییەکانی (رووسیا)و لەرێگای هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی، دووچاری دڵەراوکێیان دەکات و مەترسیەکی وایە کە ئەوان هەرگیز پێویستیان پێی نیە! پێیان وابوو کەبردنی هێزێکی کەمێك زۆرتری ناتۆ بۆئەوناوچەیە، ترسی (رووسیا) لە ئابلۆوقەدان زیاتر دەوروژێنێت، لە روانگەی ریالیزمە بونیادگەرانوێیەکان فراوانخوازی ناتۆ کۆمەڵێك کێشە دەوروژێنێت، یەکەمین بۆچی وڵاتە گەورەکانی تر وەك بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا رەزامەندنی لەسەر فراوانخوازیەکانی ناتۆ دەنوێنن؟! لەبەرئەوەی ئەمە دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) بەرامبەر رکابەرێکی چاوەڕوانکراو پتەودەکات، هاوکات بۆچی هاوپەیمانیەتی ناتۆ تا ئێستا ماوە کە فاکتەری دروست بوونەکەی کە یەکێتی سۆڤیەت بوو نەماوە؟ئەو زلهێزە کێیە لەجیهان کە وا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) دەکات دوای بەکۆتاهانی شەڕی سارد، ناتۆ فراوان بکات، ئەگەر وڵاتە یەکگرتوەکان بەراستی بایەخ بەهێزێکی گەورە دات؟([15]). لەراستیدا ئیلیتی فەرمانڕەوای (رووسیا)ش رەتیدەکردەوە کە ببێتە هاوبەشێکی بچووکی وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)، یاخود ئەندامێکی بێبایەخ و ناگرنگ لە رۆژئاوا، ئەوان پێیان وابوو کە سیاسەتی ریالیستی لەسەدەی بیست و یەکەم تێکهەڵکێشکردنی جیۆپۆلەتێك و جیۆئابوریەو هێزێکی سەربازیشی بۆ زێدەکراوە، ئایدۆلۆژیاو بەهاکان تەنیا رۆڵێکی کەم دەبینن! هەر لەبەرئەوەیە دەبینین سیاسەتی دەرەوەی (رووسیا) لەسەردەمی (پوتین) گۆڕانکاریەکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی، جەختکردنە سەرلایەنی سیاسی وسەربازی، (لەپێناوجەخت خستنە لەسەر لایەنی جیۆئابوری)ئەو گۆڕانکاریەش بە تەنیا تەکتیك نەبوو بەڵکو سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی هێزبووڵایرووسەکانبەشێوەیەکی قووڵترو ئەوهێزەش بڵاوبکەنەوەبۆئەوەی بەرپەچی ئەو دەرئەنجامەجیۆپۆلەتیکیانە بدونەوە کە لە ئەنجامی رووخانی یەکێتی سۆڤیەت دروست بووبوو، کە ئەویش فراوانبوونی هێزی دەرەکی تر بوو لەو ناوچانەی کە بە ناوچەی نفووزی (رووسیا) هەژماردەکرێت لە ئاسیای ناوەڕاست و باشووری قەوقاز(١٦).

رووسەکان پێیان وابوو کەکۆتایی هاوپەیمانیەتی وارشۆو نەمانی یەکێتی سۆڤیەت، بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان هەیکەلی بنکەی سەربازی زۆر گەورە، کەپارەیەکی زۆریان لێخەرج کردبوو لەماوەی دەیان ساڵداو بۆ رووبەرووبوونەوەی ناتۆ لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە کۆمارەکانی ئەوروپای ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی سۆڤیەتی پێشوو بنیاتیان نابوو، لەدەست بدات، ئەودەوڵەتانەی کە دوای نەمانی سۆڤیەت سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتبوو هێزی سەربازی تایبەت بە خۆیان هەبوو، وەك(ئۆکرایناو مۆڵداڤیاو بیلا(رووسیا)و دەوڵەتانی (باڵکان)بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە، (رووسیا)دەستیکردەوە بە بنیاتنانی دەیان بنکەی ئاسمانی و لەنگرگەی سەربازی و سیستەمی چاودێریکردنی پێشکەوتوو و سیستەمی پەیوەندیکردن و رێگای گواستنەوەو

---

[14] - د.زهیر بوعمامة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٢٧.

[15] - T.V. Paul, James J. Wirtz, and Michel Fortmann, Balance of power: theory and practice in the ٢١st century / Stanford University Press, Stanford, California, ٢٠٠٤: p: ٦٩.

[16] - فيديا نادكارني، الشراكات الاستراتيجية في اسيا، توازنات بلا تحالفات، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، دراسات مترجمة (٦٤)، الطبعة الاولى، ٢٠١٤، ص ٣٩.

کۆگای چەك و ئۆردووی سەربازی)، بەڵام تەواوکردنی ئەوانە بێگومان پێویسنی بە توانیەکی زۆر گەورە هەبووکە لەو قەیرانە داراییەی تیایدابوو ئاستەنگ بوو لە توانای سوپای (رووسیا)دا نەبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ژەنەڕاڵە رووسەکان پێیان وابوو کە دەشێت هاوپەیمانی ناتۆ دژی (رووسیا) سوود لەو بنکانە وەربگرێت(١٧). ئەو دۆخە نوێیەی دوای شەڕی سارد (رووسیا)ی گەڕاندەوە بۆ دۆخی هێزێکی کیشوەری(Puissance Continent ale) کە بەر لە ساڵی (١٩١٧) تیایدابوو، کە ئەندامێك بوو لە سیستەمی ئەوروپی و جەمسەرێك و لایەنێکی کاریگەربوو لەژینگەی ئەو سیستەمە راستەوخۆیە. بەڵام پێدەچوو سێ چارەگە سەدەیەك لە فەرمانڕەوایەتی کۆمۆنیستی شوێنەواری دیاری لەسەر روانگەی رووسەکان بۆ خۆیان بەجێهێشتبێت، بە تایبەتیش ئەوانەی کە تازە لە بن چارشێوی ئیمپراتۆریا تازە رماوەکە(سۆڤیەت)هاتبوونە دەرەوە(١٨).

کۆمەڵێك هۆکار هەیە وادەکات کە ئەمڕۆ (رووسیا) لەهەموو ولاتێك زیاتر پەیوەندی بەو ململانێیەوە هەبێت کە لەناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقازەوە روودەدات؛ سەرباری هۆکاری ئابوری (پێویستیەکانی بە نەوت و گازو بازاڕ)، بەڵام ئەم هۆکارە رەنگ بێت زۆر هاندەر نەبێت، (رووسیا) زۆر بایەخ بەو ململانێیە نادات کە لەسەر نەوت و گازی ناوچەکە لە ئارادایە، چونکە ئەلتەرناتیڤی تری هەیەو تاکە دەوڵەتێکە کە دەتوانێت بە پشت بەستن بەخۆی خۆی لە مەترسیەکانی نەوتی بپارێزێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگادان بە خەڵکانی تر کەوا کۆنتڕۆڵی ناوچەکە بکەن مەترسی سیاسی و ئاسایشی بێسنووری لێدەکەوێتەوە، بەلایەنی کەمەوە کارتێکی ئابوری گرنگ دەخاتە بەردەست خەڵکانی تر بۆئەوەی لە ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر ناوچەکەبەکاریبهێنن، کە روسیا خۆیشی بەشێکە لە ململانێکە؛ بۆیە ناکرێت (رووسیا) فاکتەری نەوت وەك فاکتەرێکی ململانێ لەگەڵ دەوڵەتانی تر فەرامۆش بکات؛ سەرباری ئەوە (رووسیا) بەرژەوەندی ئابوری تری گرنگی لەناوچەکەداهەیەو وای لێدەکات کە هوشیارو ئاگادار بێت؛ ئەو ناوچەیە دەوڵەمەدە بە کانزای تر وەك (یۆرانیۆم)، کە شمەکێکی ستراتیژیەوە هەرگیز بایەخی لە نەوت کەمتر نیە؛ بەڵام یەکێك لەهۆکارە گرنگەکان بۆ (رووسیا) ئاسایش و ستراکتۆری دیمۆگرافی ناوچەکەیە، کەلە رووی ئاسایشەوە کەوتۆتە دوو لای (رووسیا)وە، لە لای ئاسیای ناوەڕاست یاخود قەوقازدا هێڵی بەرگری (رووسیا)یە؛ جائەگەرهەژموونی سیاسی وسەربازی هێزەکانی تر گەیشتە ئەو ناوچەیە، (رووسیا) دەبێتە ولاتێکی خنکاو؛ لەکاتێکدا چەند دەیەکێکی کەم بەر لەوکاتە هێڵی بەرگری (رووسیا) زۆر لەو ناوچانەدوورتر بوو؛ بەدرێژایی سەدەی رابردوو بەشێك لە خەونەکانی (رووسیا)لە گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان هاتبووەدی، هێڵەکانی بەرگری گەیشتبووە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و تۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ هەندێك ولاتانی حەوزی دەریای سپی گرێدابوو، بە لایەنی کەم لەگەڵ (میسرو سوریا)([١٩]).

رووسەکان هەمیشە باوەڕیان بەو تیورە هەیە کە دەڵێت"هێزی سەربازی پێکهاتەیەکی ئێجگار گرنگە لە پێکهاتەکانی دەوڵەت و مەرجێکی پێشینەیە، بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت قەڵەمڕەوی خۆی لە ناو سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بنەما لەسەر هێز، بپارێزێت، هاوکات ئامڕازێکیش بێت بۆ رووبەروو بوونەوەی

---

[١٧] - د.زهیر بوعمامة، سەرچاوەی پێشوو، ص ص ٥٣٩-٥٤٠.

[١٨] - هەمان سەرچاوە، ص ٤٩٠.

[١٩] - د.ابراهیم ابوخزام، اقواس الهیمنة، ...، ص ١٠٦.

فشاری ناحەزان" ئەو بۆچوونە لای روسەکان راستییەکی ئاساییەو رەگی لە مێژووی ئەواندا داکوتاوە. وەك تزاری روس (ئەسکەندەری سێیەم ) دەیگوت:"جگە لە (سوپاو هێزی دەریایی)روسیا هیچ هاوپەیمانێکی تری راستەقینەی نییە"هاوکات باوەڕیان بەو پەندە هەیە کە دەڵێت: "ئەگەر وڵاتێك نەتوانێت نانی سوپاکەی دابین بکات، ئەوە ناچار دەبێت کە نان بداتە سوپایەکی بێگانە"([٢٠]).

قۆناغی پۆتین لە (رووسیا) کە راستەوخۆ دوای یەلتسین هات و دووەم سەرۆکی (رووسیا) بوو دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، قۆناغی چاکسازی و هەڵسانەوەی ئەو وڵاتەیە، ئەو چاکسازیەی کە (ئەمریکا)ییەکان لێی دەترسان و هەرگیز نەیاندەویست ئەنجام بدرێت، بۆ نمونە لە وتارێکیدا لە ٢٦ ئازاری(١٩٩٣) سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمرکیا(بیل کلینتن)گوتی کە لەگەڵ راوێژکاری ئەڵمانیا (هیلموت کول) هاورایە کە"گەورەترین رکابەریەتیە بۆ رۆژئاوا لە زەمەنی دوای شەڕی سارد ئەوەیە کە لایەنگری چاکسازی سیاسی و دیموکراسی بکەین لە (رووسیا)"([٢١]). بۆیە پارەیەکی زۆریان بۆ چاودێریکردنی (رووسیا) تەرخان کرد، بە تایبەتیش لە رووی سەربازیەوە، لە ساڵی (١٩٩٨) وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) ٤٥٣ ملوێن دۆلارو یەکێتی ئەوروپا ١٠٤ ملوێن دۆلاریان تەرخانکرد بۆ چاودێریکردنی داوودەزگا ئەتۆمیەکانی (رووسیا)وگۆڕانکاری و چارەسەری پلۆتۆنیۆمی بەکارهێنراو بۆ مەبەستی سەربازی، هەروەها (ئەمریکا) ١٠٤ ملوێن دۆلاری تەرخانکرد بۆ رێگاگرتن لەچوونە دەرەوەی زاناکانی ئەتۆمی بۆ کارکردن لەو وڵاتانەی کە ئامانجەکانیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) هاوبەش نیە !([٢٢]). لەراستیدا ئەمریکیەکان لە رووی تیوریەوە دەربارەی (رووسیا) بەسەر دوو بۆچوون دابەش بوون، بەشێکیان پێیان وابوو کە ئامانجەکانی پۆتین لەهاندانی گەشەسەندنی ئابوری نیشتمانی و وەدیهێنانی سەقامگیری لە سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەیدا، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی کە زۆرینەی ئیسلامە لە قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست ئازاردەر نین و زیانیان بۆ (ئەمریکا) نییە، هەروەها لەو باوەڕدابوونان کە زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت و ئارەزووی (رووسیا) لە سەرکوتکردنی تیرۆر، بەتەواوی لەگەڵ بەرژەوەندییە زیندووەکانی (ئەمریکا)دا یەکدەگرێتەوە، بە تایبەتیش ئەگەررەچاوی ئەوە بکەن کە حەوزی دەریاری قەزوین بۆتە ناوچەیەکی بە پیت بۆگەشەسەندنی رێکخراوی قاعدە و گرووپە تیرۆریستەکانی تر، بەڵام بەشێکی تر رەشبینانەتر سەیری سیاسەتی دەرەوەی (ئەمریکا)یان دەکردو ئەو کارانەی مۆسکۆیان بەوە لێکدەدایەوە کە هەوڵێکە دەیدا بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی جیهانی خۆی و گەڕاندنەوەی هەژموونی (رووسیا) بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر بەشێك بوون لە یەکێتی سۆڤیەت، ئەم بۆچوونە بە تایبەتی لەنێو خۆپارێزە نوێیەکاندا باو بوو، ئەوان

[٢٠]- بافل باييف، القوة العسكرية و سياسة الطاقة، بوتين والبحث عن العظمة الروسية، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، ادراسات مترجمة ٤١، الطبعة الاولى، ٢٠١٠، ص ٤٥.

[٢١]- د.زهير بوعمامة، امن القارة الاوروبية في السياسة الخارجية الامريكية بعد نهاية الحرب الباردة، دار الوسام العربي، الطبعة الاولى، ٢٠١١، ص ٤.

[٢٢]- انتاتولى اوتكين، الاستراتيجية الامريكية للقرن الحادى والعشرين ، ترجمة:انور محمد ابراهيم و محمد نصرالدين الجبالي، المشروع القومى للترجمة، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ١٠.

هەرگیز دەستبەرداری ئەو گومانانە نەدەبوون کە سەرکردایەتی کردنی (رووسیا)بۆشەڕی ساردلای چەسپاندبوون([٢٣]).

دوای شەڕی ساردبۆماوەیەك ولاّتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی هەوڵیاندا لەرێگای میکانیزم و دام و دەزگاکانیانەوە رکابەرە چاوەڕوانکراوەکانیان تێکەڵ جیهانی سەرمایەداری لیبراڵی بکەن، (ئەمریکا) دەویست لەئاسیا لەرێگای (رووسیا)و(هیندستان) هاوسەنگی لەگەڵ (چین) بێنێتەدی، هاوکات لەرێگای هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسیەوە(ناتۆ) و فراوانخوازی بەرەو رۆژهەلاّتی ئەوروپا، کاریگەری ئابوری و هاوبەشیەتی ئاسایش هاوسەنگی لەگەڵ (رووسیا)د بێنێتەدی([٢٤]). بەلاّم رۆژبەرۆژ چارەسەری هۆکارەکانی لاوازبوونەکەی خۆی دەکردولەدوای شەڕی ساردەوە گۆڕانکاری وای بە خۆیەوەبینی کە دەتوانین بڵێین لە گۆڕانکاری هەموو دەوڵەتانی تر قووڵتربوو، سەرباری ئەوەی بەرپرسە رووسەکان ترسی خۆیان لە چالاکیەکانی هاوپەیمانی ناتۆ دەردەبڕی، بەلاّم بەرپرسانی (رووسیا) بۆماوەیەکی زۆر بێدەنگیان هەڵبژارد، هاوشێوەی ئەمریکیەکان ئەوانیش هەوڵیاندا لەرێگەی (چین)ەوە هاوسەنگی (ئۆراسیا) لەبەرژەوەندی خۆیاندا بگۆڕن! لە ساڵی (٢٠٠١) رێکەوتنامەیەکی تەم ومژاویان لەگەڵ (چین) مۆرکرد، هاوکات چەکیان فرۆشتە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان بۆ ئەوەی توانا سەربازیەکان زێدەبکاو هاوسەنگیان پێبکات لەگەڵ ولاّتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)، لەساڵی (٢٠٠٣) هەڕەشەی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی کرد لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دژی کرداری سەربازی لە عیراق، بەلاّم ئەو هەڕەشەیەی نەبرد سەر! بەرامبەر ئەمەش (رووسیا) یارمەتیەکی فەرمی و نافەرمی لە (ئەمریکا) بەدەست هێنا، فەرمی و راستەوخۆکان ئەو یارمەتیانە بوو کە لەرێگای قەرزەوە لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتیەوە وەریگرت، نافەرمیەکەش ئەو ملوێنان دۆلارە بوو کە لەئەنجامی وەبەرهێنانی وەبەرهێنە ئەمریکیەکان لە (رووسیا) بەدەستی هێنا، هاوکات (رووسیا) توانی بچێتە پاڵ گرووپی (G٨) وەکو چاودێرێکی هاوپەیمانیەتی ناتۆ دەست نیشان کرا، لە شەڕی تیرۆردا هاوکاری نێوان (رووسیا)و نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر فراوان بوو، (رووسیا)ش رێگای دا هێزە سەربازیەکانی ئەمریك لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەتی پێشوو جێگە بگرن([٢٥]). (رووسیا) بەهەموو رێگایەك کاری بۆ ئەوە دەکرد کە سیستەمی تاك جەمسەری جیهانی ئەمریکی تێکبشکێنێت، بەرامبەر ئەمەش ئەمەریکاییەکان هەوڵیاندەدا بەهەر شێوەیەك بێت بەربەست بۆ روسیا دروست بکەن و بیگەڕێننەوە دۆخی قۆناغی راستەوخۆی دوای رووخانی سۆڤییەت، واتە قەبارەی (رووسیا) (هیندستان)ە بهێڵنەوە کە نەتوانێت کۆسپ لەبەردەم هەژموونی جیهانی (ئەمریکا) دروست بکات و وای لێبکەن هەمیشە خەریکی کێشە ناوخۆییەکانی و کێشەکانی نزیك سنوورەکانی بێت.

لەراستیدا ئەگەر ئەو هەولاّنەی (رووسیا) سەربگرێت، گەورەترین وەرچەرخان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا روودەدات، چونکە داڕمانی خێرای سیستەمی دوو جەمسەری بۆ سیستەمێکی تاك جەمسەری دیارترین وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە هاتە ئارا، کە ئەمەش دەرئەنجامی داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی مەنزومەی سویالیزمی بوو، دوای ئەوەش دەوڵەتانی ئەورووپای

---

[٢٣]-مایکل کلیر، دم ونفط، امریکا و استراتیجیات الطاقة:الی این؟ترجمة:احمد رمو، دار الساقي، الطبعة الاولی، بیروت، لبنان، ٢٠١١، ص ص ٢٩٤-٢٩٥ .

[٢٤] - T.V. Paul, James J. Wirtz, and Michel Fortmann.,ibid:p:١١

[٢٥] -ibid:p:٦٣

رۆژهەڵات راستەوخۆ بەرەو رۆژئاوا وەرچەرخان ویستیان جێگای خۆیان لە یەکێتی ئەورووپا بکەنەوە، ئەم گۆڕانکارییانەش واتای گەڕانەوەیەك بوو بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی ویستیڤالیا، کە دەرئەنجامی رێکەوتننامەی ویستیڤالیا لە ساڵی (١٦٤٨) بوو([٢٦]). واتە رێك گەڕانەوە بۆ قۆناغی هاوسەنگی هێز! (★[٢٧]).

لەو وتارەی کە پوتین لە ساڵی (٢٠٠٦) لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی پێشکەشی کرد، گوتی:ئێمە پێویستیمان بە هێزێکی چەکدار هەیە کە بتوانێت لەیەك کاتدا لە ململانێیە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکاندا، هەروەها ئەگەر بخوازێت لەناوخۆییەکانیشدا، بجەنگێت" ئەمە لە کرۆکدا واتای ئەوەبوو کە "ئامانجی دیاریکراوی رێژەی ٨٥٪ سوپاکەیان ئەنجامدانی جەنگی سێیەمی جیهانە، کە ئێمە بۆ چەندین دەیەك تاوەکو (١٩٩١) خۆمان بۆ ئامادەکردبوو"([٢٨]). واتە نەك بە تەنیا لە رووی ئابووری و سیاسیەوە، بەڵکو لە رووی سەربازیشەوە خۆی بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە کردبوو! وەك وەزیری بەرگری (رووسیا) (سیرگی شویگو) گوتی"(رووسیا) هێزەکانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە هەموو رەوگە ستراتیژییەکاندا زێدەدەکەن "هەروەها گوتی "ئەوان ووردبینیان کردوە لەو پێوەرانەی کە دەبێت هێزەکانیان بە چەك و کەل و پەلی سەربازی نوێ پڕ چەك بکرێن وبۆئەممەبەستەش خشتەی دامەزراندنی سەربازگە و دام و دەزگای سەربازییان هەموار کردۆتەوە"هەوەها گوتی "ئەو ئەرکە جێبەجێدەکەین کە رێگا نادەین (ئەمریکا)و ناتۆ باڵا دەستی سەربازیان بەسەر روسیادا هەبێت، پڕۆگرامی پڕچەك کردنی حکومەت بە تەواوی پراکتیزە دەبێت، تا ساڵی (٢٠٢٠) پشکی چەك و کەل و پەل و تەکنیکی نوێی سەربازی لە هێزەکانی چەکدارەکانی (رووسیا) بەرێژەی ٧٠ ٪بۆ ١٠٠٪ زیاد دەبێت"هەروەها سەرۆکی ئەرکانی سوپای روسیاش گوتی"ئەو رێکارانەی کە کە وەزارەتی بەرگری (رووسیا)گرتویەتیە بەر لە پێشخستنی هێزە ئەتومیە ستراتیژییەکان، وا دەکات کە هیچ باڵا دەستییەکی سەربازی ناتۆ (ئەمریکا) بەسەر (رووسیا) روونەدات"هەوەرها گوتی"وەزارەتی بەرگری پلەی یەکەم دەداتە باشکردنی چۆنیەتی هێزە ئەتۆمییە ستراتیژییەکان "بەرامبەر ئەوەش سەرۆکی ئەرکان باسی لە مەنزومەی بەرگری رۆکێتەکانی ئەمریکی کرد کە سیمایەکی جیهانیان بە خۆوە گرتوە، پێکهاتەکانی ئەو سیستەمە لەناوچەی ئایاو ئۆقیانوسی هادی بەهێزدەکرێت، روسیا ناتوانێت بەرامبەر ئەمە دەستەوەستان دابنیشێت و بێدەنگ بێت ! ناچار دەبێت رێککاری وەڵامدانەوە بگرێتە بەر"([٢٩]).

---

[٢٦] - د.عبدالناصر جندلي، النظريات التفسيرية في العلاقات الدولية بين التكيف والتغير في ظل تحولات عالم ما بعدالحرب الباردة، مجلة الفكر، العدد(٥)كلية الحقوق والعلوم السياسة، جامعة محمد خيضر بسكرة، ص ١٢٦.

[٢٧] -دیارە هاوسەنگی هێزیش خۆی لە خۆیدا(سیاسەت)نیە، کە دەوڵەتان کاری بۆ بکەن و هەوڵی هێنانەدی بۆ بدەن، چونکە دەوڵەتان کار بۆ هاوسەنگی ناکەن، بەڵکو کار بۆ سەرکەوتن و باڵادەستی دەکەن، ئەو دەوڵەتانەش کە کار بۆ سەرکەوتن دەکەن لە چرکەیەکی مێژوویدا خۆیان لە دۆخی دەوڵەتێکی هاوسەنگ دەدۆزنەوە:بڕوانە: د.ابراهيم ابو الخزام، الحروب و توازن القوى، دراسة شاملة في توازن القوى و علاقتها الجدلية بالحرب والسلام، دار الكتب الجديد المتحدة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩، ص٤٥.

[٢٨] - باڤل بایيف، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٢.

[٢٩] - **روسيا تعزز قواتها على الاتجاهات الاستراتيجية**، تاريخ النشر | GMT ٠٨:٥٧ | ٣٠.٠١.٢٠١٥:أخبار روسيا: https://arabic.rt.com/news

## باسی دووەم:هەڵسانەوی ئاسیاو هەژموونی (ئەمریکا)

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی ماوتسی تونگ و گرتنە دەسەڵاتی (چین) لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە، ئەو وڵاتە قۆناغێکی تری لە ژیانی سیاسی خۆیدا دەست پێکرد، ئەگەرچی زۆر بەهێمنیەوە کاری دەکرد بەڵام خەونەکانی زۆر گەورەبوون و دەیویست شانازیەکانی رابردوو بۆ (چین) بگەڕێنێتەوە، "(چین) دەیەوێت ببێتە زلهێزێك و شارستانیەتێکی گەورە، هەمیشە باوەڕیان وابووە کەئەوان لە هەموو خەڵکێکی گۆی زەوی سەرکەوتووترن وشارستانیەتەکەیان هەمیشە لەپێشەوە بووە، لە روانگەی (چین)یەکانەوە ئەوانەی لە دەوروبەری ئەوانەی لە دەوروبەری ئەواندا ژیاون، لەبەربەریەك زیاترهیچی تر نەبوونە"([30]). (چین)یەکان دەیانەوێت ئەو ئەرکە مێژووییەی خۆیان بەهێمنی ئەنجام بدەن، تا ئەو کاتەی باڵادەستی بەدەست دێنن خۆیان لە هەموو رووبەرووبوونەوەیەکدا لەگەڵ زلهێزەکانی تردا، بە پلەی یەکەمیش لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) بە دوور بگرن، دیارە ئەم هەڵوێستەی (چین) ناتوانێت دەوروبەرەکەی فریو بدات، چونکە هاوکێشەیەکی زۆر ئاساییە کە هێز گەورە بوو هەوڵی فراوانخوازی دەدات! بۆیە (ئەمریکا)پێشبینی مەترسیەکانی (چین)ی کردووە، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات کۆسپ بۆ گەشەسەندنی دروست بکات، (دینگ هسیاوبنگ) سەرۆکی کۆماری میللی (چین) کە دوای ماوتسی تۆنگ هات، لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت:" داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکی بێئەوەی پێویست بکات خۆیان لەکاروباری (چین) هەڵدەقورتێنن ([31]). (پۆل کیندی) کە یەکێکە لەمێژوونووسە گەورەکانی ئەمڕۆی (ئەمریکا)و خاوەنی کتێبی دامەزران وداڕمانی زلهێزەکانە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (چین) نیازی نییە لەرووی ستراتیژیەوە وەك دەوڵەتێکی(سەنگ سووك)بمێنێتەوە، هەتا ئەگەر لەکاتی ئێستادا دەستیش بە تێچوونە سەربازیەکانیەوە بگرێت، رێك پێچەوانەی ئەوە راستە! چەندەی لەرووی ئابوریەوە بەرەو پێش بچێت و ئابوریەکەی بەند بێت لەسەر سوسیالیزمی دەوڵەت، (هیندستان)ە زیاتر ئەو پێشکەوتنانە سیاسەتێکی دەسەڵات ئامێز بەخۆوەدەگرێت ودەکات مرۆڤ زیاتر هەست بەبوونی خۆی دەکات و لەوە تێدەگات کەئەو بایەخێکی هەیە! (چین) گرنگی بە پێشخستنی بنکەی زانستی و تەکنەلۆژی دەدات! کاتێك ئەو بنکەکەی هێشتا بچووك بووئەو دەستکەوتەسەرنج راکێشانەی کە لە بواری پیشەسازی رۆکێت و چەکی ئەتۆمی بەدەستی هێنابوو! ([32]).

(چین) وڵاتێکی تا رادەیەك فەرامۆشکراوبوو، هەوڵیدەدا لاسایی پێشکەوتنەکانی رۆژئاوا بکاتەوە، بریجنسکی راوێژکاری سەرۆکی (ئەمریکا) لەیەکێك لەکتێبەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێك لەو چرکە ساتانەی کە لەکاری گشتی ئەودا شایەنی بیرهێنانەوەیە، سەردانیکردنی بووە بۆ (چین)، وەك هەوڵێکی نهێنی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی (چینی —ئەمریکی)، تادەگاتە رادەی گرێدانی هاوبەندیەکی حالەتی دیفاکتۆ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش دژی فراوانخوازیەکانی یەکێتی سۆڤیەت، سەرۆکی (چینی میللی)، (دینگ) کاتێك

---

[30]- فرنان برودیل، قواعد لغة الحضارات، ترجمة:د.هادی التیمومي، مرجعة:فتحی لیسیر، المنظمة العربیة للترجمة، الطبعة الاولی، بیروت، لبنان، ٢٠٠٩، ص ٢٦٦.

[31] - دانییل بورشتاین و ارنیه دی کیزا، التنین الاکبر- الصین في القرن الواحد والعشرین-ترجمة:شوقي جلال، عالم المعرفة(٢٧١) سلسلة کتب ثقافیة شهریة یصدرها المجلس الوطنی للثقافة والفنون والادب-الکویت، یولیو، ٢٠٠١، ص ٤٢٦.

[32]- بول کیندی، نشوء و سقوط القوی العظمی، ترجمة:مالك البدیری، الاهلیة للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، المملکة الاردنیة الهاشمیة، عمان، ١٩٩٤، ص ٦٩٨.

میوانداری دەکات، بریجنسکی هەندێك پرسیاری تایبەتی لێدەکات ئەویش بیرەوەریەکانی گەنجی خۆی بۆی باس دەکات کەچۆن کاتێك گەنج بووە چۆتە وەك فوتابیەك چۆتە پاریس، لەوی سەرسام بووە بەپێشکەوتنەکانی فەرەنساو بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای فەرەنسی، هەستی بەدواکەوتوویی کۆمەڵگاکەی کردووە، ئەمە وای لێکردوە هەست بەسووکایەتی پێکردنی نەتەوەیی بکات، پاشان دەست بەخوێندنەوەی رێنمایەکی مارکس لەسەر شۆڕشی کۆمەلأیەتی و بەدوای بەڵگەیەکی مێژوویدا دەگەرێت بۆ ئەوەی رێگایەکی کورت بۆ رزگاری نیشتمانیبدۆزێتەوە، لەوقۆناغەدا تووڕەبوونە نەتەوەییەکەی تواوەتەوەو ولەسیاسەت قاڵبوەتەوە، ئایدۆلۆژیەکەی بووە سۆنگەی بەشداریکردنی لە دوو شۆڕش، شۆڕشێك لەگەڵ (ماوتسی تونگ)، شۆڕشێکی تر کە بەخۆی سەرکردایەتیکرد بۆ ئەوەی دوارۆژی (چین) دابڕێژێتەوە([33]).

ولأتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) مکوڕە لەسەر لەخۆوەگرتنی (چین) و (چین) بەرگری دەکات و وا بەدیاردەکەوێت کە (چین) توانای ئەوەی هەیەخۆی بەچەکی باشتر چەکدار بکات، لە سەدەی بیست و یەکەمدا سەمایەکی ئالۆز دەبینین لە هەوڵدان بۆ لەخۆوەگرتن و و نەهێشتنی لەخۆوەگرتن(الاحتواو)! ولأتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)و (چین) دوژمنی یەکتر نین، بەلأم زۆر ئاستەنگیشە وەکو دوو هاوپەیمان وێنا بکرێن، لەکاتێکدا هەردوو لایان ئامانجە ستراتیژەکانی خۆی وا دەبینیت کە لەگەڵ ئامانجە ستراتیژیەکانی ئەویتردا ناگونجێت([34])، سەرباری ئەوەی (چین)یەکان بەبەردەوامی نیشانی دەدەن کە ئەوان هەڵسانەوەیەکی هێمن ولەسەرخۆیان لاباشترە، بەلأم هەندێك لە شیکاران تێبینی ئەوە دەکەن کە سەرەتای ئاماژەی ململانێی شارستانیەتەکان ئەوەی نووسەری ئەمریکی (ساموێل هنتنگتون) باسی دەکا لەگەڵ (چین)دا دەستی پێکردووە ([35]).

لە راستیدا ستراتیژیەتی نێودەوڵەتی (چین)، وەك توێژەرێك بۆی دەچێت لەسەر چەند گریمانەیەکی سەرەکی وەستاوە، لەوانە وەك راستەقینەیەك ولأتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) بۆ چەند دەیەکێکی تریش وەك تاکە هێزێکی جیهانی دەمێنێتەوە، (چین) لەکاتی ئێستادا توانا و ویستی پێویستی نیە بۆ ئەوەی رووبەرووی ئەو هێزەی (ئەمریکا) ببێتەوەو هێزی ولأتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) تەنانەت بێ بەرەنگاربوونەوەیەکی کاریگەرانەی (چین)یش، بە بێ چاودێریکردن نامێنێتەوە لە لایەن سیستەمی نێودەوڵەتییەوە، لەناو (ئەمریکا)شدا بیرورای هەمەجۆر هەیە، فەرمی ونافەرمی لەسەر باشترین رێگاکە مامەڵەی لەگەڵ (چین)دا پێبکەن، بۆیە سەرکردە (چین)یەکان هەوڵدەدەن لە پشت رۆڵی جیهانی (ئەمریکا) بسورێنەوە و پەیوەندیە دوو لایەنەکانیان لەگەڵ دەوڵەتە هاوسێکانیان و ئەو دەوڵەتانەی کاریگەریان هەیە لە رێکاریە ئاسایشی و ئابوریەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی فرە لایەن، باشتر بکەن، هاوکات هێزە سەربازیەکانی خۆیان، بە تایبەتیش هێزە دەریاییەکانی خۆیان نوێبکەنەوە، (چین) یەکەم هەنگاوی هەڵسانەوەی خۆی لەوەدەبینێتەوە کە هێزە ئاسیاییەکانی تر بەگەورەو بچووکیانەوە رازی بکات بەوەی کە هێزی (چین) هیچ هەڕەشەیەك بۆسەر

---

[33] - زبیغنیو بریجنسکی، رؤیة استراتیجیة، ص ٤٠.

[34] – روبین میریدث، الفیل والتنین-صعود الهند والصین ودلالة ذلك لنا جمیعا، ترجمة:جلال شوقي، عالم المعرفة(٣٥٩)، سلسة کتب ثقافیة شهریة یصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب-الکویت، ٢٠٠٧، ص٢٦٧.

[35] – نیال فرغسون، الحضارة، کیف هیمنت حضارة الغرب علی الشرق والغرب؟، ترجمة:سعید محمد الحسنیة، شرکة المطبوعات للتوزیع والنشر، الطبعة الاولی، بیروت، لبنان، ٢٠١٣، ص ٤٧١.

بەرژەوەندیەکانی ئەوان دروست ناکات، بەڵام ئایا زمانی هەڵسانەوەی ئاشتیانەی (چین) ترسی ئەوهێزانە دەڕەوێنێتەوە یاخود نا ؟! ئەوە بابەتێکە لە ئایندەدا، بە تایبەتیش لەمەودایەکی دووردا، جێگەی ناکۆك بوون دەبێت([36]). (چین) هەرگیز نایەوێت و لەبەرژەوەندی خۆیدا نایبینێت کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ (ئەمریکا)دا گرژی تێبکەوێت، چونکە دەزانێت لەئایندەدا جیهان دەبێتە گۆڕەپانی ململانێەکی سەخت لەنێوان خۆی و ئەوداو مەسەلەی تایوانیش هێزێکی بەرفراوان پێکدەهێنێت کە گاڵتەی پێناکرێت، نەك بە تەنیا لە لایەنی سیاسیەوە بەڵکو بەگوێرەی ئابوری جیهانیش.

کەواتە بابەتەکە پەیوەندی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)وە هەیە، کەگرنگترین بازاڕە بۆ هەناردەکانی (چین)، بە پێچەوانەوەش (چین) لە دوای ژاپۆن گەورەترین دەوڵەتی قەزردەرە بۆ (ئەمریکا)، ڕەنگ بێت لە ئایندەیەکی زۆر دووریش نا جێگای ژاپۆنیش بگرێتەوە. سەرباری ئەوە ڕووبەرو بوونەوەی دیموکراسی بەرامبەر پڕەنسیپی پارێزگاریکردن لە یەکیتی خاکەکان، بەبێئەوەی لایەنەکانی ململانێکە بە شێوەیەکی ئەقڵمەنانە ڕەفتار بکەن، وا دەکات کە توانرێت ململانێکان ئابڵووقە بدرێت و تەنانەت ڕۆژێك لە ڕۆژان چارەسەریش بکرێت. چونکە مەترسی فراوانخوازی لەسەر سیاسەتێك دادەمەزرێت کە بە پلەی یەکەم پشت بە پێگەی نێودەوڵەتی دەبەستێت، نەك بە ئەقڵی پراگماتیکی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە دوارۆژدا، ڕووبەروو بوونەوەیەك لەنێوان (ئەمریکا)و (چین) لەسەر کۆنتڕۆڵکردنی زیاتر بە دوور نەگرین، کەئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی لە دوارۆژدا. بۆیە یەکێك لەمەسەلە یەکلایکەرەوەکانی تایبەت بە ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەوەیەکە چۆن لە سەدەی بیست و یەکەمدا هێزە جیهانیە هەڵزنەرەکان(القوی العالمیە الصاعدە) بە بێ ڕوودانی هیچ ململانێیەك -بەگوێرەی توانا-خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندی وخەونەکانی دەوڵەتان خۆیان لەسیستەمی جیهانی دەگونجێنن، بێئەوەی ئەمە هەژانێك یاخود شەپۆلێك بۆشۆکەکان بێنێتە ئارا، ئەگەر ئەو گەشەسەندنانە لە سیستەمی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی بە هەمان میکانیزمی ڕکابەریکردنی کۆن ڕوویدا، ئەوا پێشبینی ڕووداوی نێگەتیڤانە دەکرێت، لەبەرئەوە ڕکابەریەتی بنەڕەتی، کە پێویستی بە فۆرمۆلەکردنی سیاسی هەیە، مەسەلەی شێوەو سروشتی سیستەمی نێودەوڵەتیە لە سەدەی بیست و یەکدا([37]).

جێگای ئاماژە پێکردنە سەرنج ڕاکێشترین خاڵ لە دەرکەوتنی (چین) وەك زلهێزێکی سەربازی ئەو پێشکەوتنە خێرایەیە کە لە تەکنەلۆژیای ئەتۆمیەوە بەخۆیەوەبینی، هەرچەندە ماوتسی تونگ وای نیشاندەدا کە (شەڕی میللی)لا پەسندترەو ئارەزووی بەلای چەکی ئەتۆمیداناچێت، یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی (چین)ی لەسەردەمی ئەودابوو! بەڵام سەرکردایەتی (دینگ)بەپێچەوانەی ماو بەخێراترین کات (چین)ی بەرزکردەوە بۆ پلەی دەوڵەتانی(نوێ) لەڕووی سەربازیەوە، لە دەستپێکی ساڵی(١٩٨٠) (چین) ڕۆکێتی(ICBM) هەڵدا(کە ڕۆکێتێکی بالستی و کیشوەر بڕە) کە مەودای حەوت هەزار میلی دەریایی دەبڕی، واتە دەگیشتە هەموو شوێنێکی یەکێتی سۆڤیەت و هەندێك بەشی (ئەمریکا)، تەنها ساڵێك دوای ئەوە یەکێك لە ڕۆکێتەکانی سێ سەتەلایتی هەڵدایە بۆشاییەکانی ئاسمان! کە ئەمەش ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە تەکتنەلۆژیای (ڕۆکێتی فرەسەری )هەیە، بنکەی زۆربەی هێزە ئەتۆمیەکانی (چین) وشکانیە و ناوەندە مەودانەو درێژە مەودانین، بەڵام ڕۆکێتی

---

[36]- فیدیا نادکارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧.

[37]- یوشکا فیشر، عودة التاریخ-العالم بعد الحادی عشر من ایلول(سبتمبر) و تجدید الغرب، ترجمة:د.هانی الصالح، الطبعة الثانیة، العبیکان، المملکة العربیة السعودیة، الریاض، ٢٠١١، ص ٢٨١.

(ICBM) نوێیان تیاداناوە، لە ساڵی (١٩٨٢) (چین) رۆکێتی بالستی کە لەژێردەریاییەکانەوە هەڵدەدرێت، تاقیکردەوە([٣٨]). وەك یەکێك لەتوێژەرەکان دەڵێت :"بوژانەوەی ئاسیا بەبێ هیچ گومانێك گرنگترین دیاردەیە لەجیهان". . . بووژانەوەی ئاسیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە رۆژئاوا زەبەلاحی خۆی لەدەست بدات و نوێبوونەوەی ئاسیا، دەبێتە هۆی گۆڕانی جیهان تاهەتایە، بەگوێرەی پێشبینیەکانی ئاژانسی هەواڵگری (ئەمریکا)(CIA) تا ساڵی (٢٠٥٠) پشکی ئاسیا لە ئابوری جیهان دەگاتە (٥٧٪) وکۆی داهاتی نیشتمانی (چین) دەگاتە (٢٠) ترلیون دۆلار، ولاتە یەکگرتوەکانیش دەبێتە پلەی دووەم وکۆی داهاتەکەی دەگاتە١٣. ٥٪ ترلیۆن دۆلار، کۆی داهاتی نیشتمانی ژاپۆن دەگاتە ٥ترلیۆن و بەمەش ریزبەندی سێیەم دەگرێت و (هیندستان)ستانیش لەدوای ئەوەی بە٤. ٨ ترلیۆن دەکەوێتە ریزبەندی چارەم([٣٩]).

ئەندازیاری سەرکەوتنی سەنگاپورە(لی کوان یو) کە ولاتەکەی خۆی لە ولاتێکی هەژارو چەق بەستووەوە گۆڕی بۆ ولاتێکی پێشکەوتوو، دەڵێت:" ئەو هەست بەترسێکی زۆر دەکات بەرامبەر ئەو پێشکەوتنە مەترسیدارە ی کە تا ئەوپەڕیە لە(چین)". . . "هەموو ساڵێك دەچمە ئەوێ هەموو جارێك سەرسام دەبم بەو خێراییەی کە دەیبینم"لەماوەی چەند ساڵیکی تر، سەد ملوێن (چین)ی، کە ژمارەیەکە لە ژمارەی هەموو ولاتە ئەوروپیەکان زێترە، توانای کڕینی (چین)ێکی مام ناوەندی بۆ دەڕەخسێت([٤٠]). (کوان یو) پێوایبوو"بەهاتنی ساڵی (٢٠٢٥)، (چین) دەتوانێت هێزە چەکدارەکانی ببوژێنێتەوەو بەرزی بکاتەوە، بەلام تا ئێستا(چین) چەکی تەکنیکی و زۆر بەرزی نیە، وکو ئەوچەکانەی کەشتیگەلی حەوتەمی (ئەمریکا)هەیەتی، کۆمەڵگای پیشەسازی و سەربازیوتوێژینەوەو پێشخستنەکانی تاکو ئێستا زۆر لەهاوکووفەکانی خۆیان لە (ئەمریکا)و ژاپۆن دواکەوتووترن، سەرباری ئەمەش (چین) دەزانێت کە زێدەکردنێکی گرنگ لە تواناکانی لە لەنیشاندانی هێزە سەربازیەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی، هاوسێکانی دەخاتە دڵە راوکێوە، بۆیە هەوڵدەدات بەرامبەر خۆراك و کەرەستەی چنین و پێلاوی (چین)ی، چەکی رووسی بەدەست بێنێت و زاناکانی چەکی (رووسیا) بەکرێبگرێت، ئەم چەکانە هانی گرێدانی هەندێك رێکەوتنامەیدا دەربارەی رێکاری هاوبەشیکردن لە پشکەکانی نەوت لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیا کەداوای دورگەکانی (سبراتلی) یان دەکرد"بە دەستەواژەیەکی تر ئاسیا نابێتە ناوچەیەکی شەڕی بەردەوام، نابێتە بەهەشتێکی ئابوری ئازاد رزگاربوو لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی، بەڵکو بە پێچەوانەوە کیشوەرەکە بە ئاشتی دەژی، ئاشتیەك بنەما بێت لەسەر نیشاندانی هێزی بازوو، لەگەڵ هەندێك لەو مەرجانەی کە(چین) دیاریدەکات و ئەوانەش کە سیاسەتی هاوسەنگی هێز دەیسەپێنێت و هێزەکانی (ئەمریکا)ش بە هەند وەردەگرێت([٤١]).

لە ساڵی (١٩٩٣) بانکی نێودەوڵەتی رایگەیاندکە لە پاڵ ولاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)و ژاپۆن و ئەڵمانیا"رووبەری ئابووری (چین) بووە جەمسەری چوارەمی گەشەکردن"، بەگوێرەی زۆبەی خەملاندنەکان لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم ئابوری (چین) دەبێتە گەورەترین ئابوری لە جیهان، دووەم و سێیەم

---

[٣٨]-بول كيندى، نشوء و سقوط القوى العظمى، ترجمة:مالك البديرى، الاهلية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان، ١٩٩٤، ص٦٨٤.

[٣٩]- أ.ني، اوتكين، النظام العالي للقرن الواحد والعشرين...، ص ٢٧٨.

[٤٠]- روبین میریدث، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٤.

[٤١]-دانییل بورشتاین و ارنیه دی کیزا، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧٤.

مەزنترین ئابووری لە نەوەدەکان، واپێدەچێت کە بە هاتنی ساڵی (٢٠٢٠)لە پێنج هێزی ئابوری گەورە چواریان ئاسیایی بێت و حەوتیش لەدە گەورەترین ئابوریەکان هەر ئاسیایی بێت، ئەوکاتە پشکی (چین) لە کۆی ئابووری جیهانی دەبێتە(٤٠٪)، بۆیە واپێدەچێت زۆرترینرکابەرە ئابوریەکانیشهەر لە ئاسیا بن([٤٢]). (هنری کیسنجر) پێی وایە کە "سیستەمی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە لایەنی کەم شەش هێزی سەرەکی لە خۆوە دەگرێت، ولاَتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)، ئەوروپا، (چین)، ژاپۆن، روسیا، لەوانەیە هندستانیش بێت، ئەمە سەرباری ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی مام ناوەند یاخود بچووك، سامویل هنتگتون پێوایە کە بۆ پێنج شارستانی جیاواز دەگەڕێنەوە، سەرباری ئەمانە دەوڵەتی ئیسلامی گرنگ هەیە پێگەی ستراتیژی یاخود ژمارەی زۆری دانیشتوانی یاخود سەرچاوەکانی پەترۆڵی وا دەکات کاریگەر بێت لەکاروباری جیهانی، لەو جیهانە نوێیەدا سیاسەتی ناوچەیی سیاسەتی ئەتنیکی دەبێت و سیاسەتی جیهانیش سیاسەتی شارستانیەتەکان دەبێت، ململانێی نێوان شارستانیەکان جێگای رکابەری نێوان زلهێزەکان دەگرێتەوە([٤٣]).

ئەمانە زیاتر ولاَتە یەکگرتووەکانە دەخەنە ترس و دڵەراوکێوە، بۆیە هەمیشە دەیەوێت لە رێگای کێشەی تایوانەوە کۆسپ بۆ (چین) دروست بکات، بۆیە پێناچێت کێشەی تایوان بە کۆتا بێت، (چین) ژمارەیەکی زۆر لە رۆکێتی (بالیستی و کروز) ی لە ناوچەی (فوجیان) بلاَوە پێکردووە، فرۆکەو کەشتی جەنگی لە (رووسیا) بەدەست دێنێت، ئەمە وادەکات کە ئەگەر کێشەیەك سەرهەڵبدات، بلاَوکردنەوەی هێزە دەریاییەکانی (ئەمریکا) لەوناوچەیە کارێکی مەترسیدار بێت؛ هەروەها لە شوباتی ساڵی (٢٠٠٠) (چین) دۆکیومێنتێکی بلاَوکردەوە تیایدارایگەیاند، کە ئەو بەرلەوەی رێگا بدات کێشەی تایوان تا هەتایە دوابخرێت، ئامادەیە بچێتە ناوشەڕەوە، دوای ئەوە ولاَتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)و (چین) بەکزیەوە هەڕەشەی چەکی ئەتۆمیان لەیەکتر کرد، تایوانیش لە لای خۆیەوە چەکی نوێ دەکرێت بۆ ئەوەی رووبەرووی کۆگای چەکی رووسی گەشەسەندوو بێتەوە، تا ئێستاش مکورە لەسەر ئەوەی پارێزگاری لەسەربەخۆیی بکات، بۆیە (ئەمریکا) دەبێت بەهۆی کۆریاو تایوان لەگەڵ (چین) بچێتە ناو شەڕەوە؛ ([٤٤]). کەواتە مەسەلەی تایوان یەکێکە لەو مەسەلە ستراتیژیانەی کە هەر یەك لە(ئەمریکا)و(چین) دەتوانن لەکاتی پێویستدا بەکاریبهێنن بۆ راستکردنەوەی هاوسەنگی هێز، ئەمەیە وایکردووە کە (چین)یەکان بگەنە ئەو بڕوایەی کە(ئەمریکا)هەرگیز رێگا بە دامەزراندنی (چین)ێنێکی بەهێزو سەرکەوتوو سەربەخۆ لە بواری ئابوریەوە نادات، هەرچی (ئەمریکا)یە بەجدی کارلەسەر ئەوە دەکات کە تواناکانی پێشکەوتنی (چین) تێکبشکێنێت لە رووی ستراتیژی و سەربازیەوە لەخۆوەی بگرێت؛ وەك هەندێك لەتوێژەران ئاماژەی بۆ دەکەن یەکێتی سۆڤیەت نەما بۆیە (ئەمریکا) بڕیاریداوە (چین) بکاتە دوژمنی خۆی؛ بۆیە پێویستە (چین) بەشێوەیەکی گونجاو بەهەمان شێوە وەلاَمی (ئەمریکا) بداتەوە، ئەمەش وادەکات کەسەدەی بیست و یەکەم، سەردەمی ئەو رووبەرووبوونەوەیە بێت([٤٥]).

---

[٤٢]-صامويل هنتجتون، صدام الحضارات- اعادة صنع النظام العالمي، ترجمة:طلعت الشايب، تقديم:د.صلاح القلنصوة، ١٩٩٨، ص١٧١.

[٤٣]- صامويل هنتجتون، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٦.

[٤٤]-جون ميرشايمر، مأساة سياسة القوى العظمى، ترجمة:د.مصطفي محمد قاسم، النشرالعلمى والمطابع-جامعة الملك سعود، المملكة العربية السعودية، ٢٠١٢، ص ٤٦٩.

[٤٥]- دانييل بورشتاين و ارنيه دى كيزا، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٩.

لەگەڵ ئەوەش (چین) هاوبەشیکردن(الشراكات) لا باشترە لە هاوپەیمانیەتی سەربازی بۆ ئەوەی ئارامی لە قۆناغی دوای شەڕی سارد بسەپێت، (چین) پێی وایە کەبە هاوبەشیکردنەکان(الشراكات) دەتوانێت کێشەی تێکچوونێکی ترسناك لەیەکرێزی ستراتیژی نێودەوڵەتان چارەسەر بکات، لە کاتێکدا جیهان بەرەو فرە جەمسەریەوە هەنگاو دەنێتەوە، و ئەمریکیەکان ئارەزووی ئەوەیان هەیە کەوەك میراتێکی بۆ ماوە لە شەڕی سارد، هاوپەیمانیەتیە سەربازیەکان هەمدیس بخەنەوە کرۆکی ستراتیژیەتی ئاسایشی خۆیانەوە، بەڵام (چین)یەکان میتۆدی ئەلتەرناتیفی خۆیان پێ لەبارترو گونجاوترە، واتێدەگەن مێژوو ئەوەی سەلماندووە کەئەو سیستەمە ئاسایشەی پشت بەهاوپەیمانیەتی سەربازی دەبەستێت وبنەمای هێزی سەربازی دەکاتە ئامرازێك پێشکەوتن، هەرگیز نەیتوانی لە قۆناغی شەڕی سارد ئاشتی بێنێتەدی، فراوانکردنی باڵبالأنێی سەربازی و پتەوکردنی هاوپەیمانیەتیە سەربازیەکان، بەپێچەوانەی شەپۆلەکانی ئەم سەردەمە دەبینن، پێیان وایە کە ناتوانرێت لە رێگای زۆرکردنی چەکەوە، یاخود لەرێگای هاوپەیمانیەتی سەربازیەوە ئاسایش دابینبکرێت، بەڵکو ئاسایش لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و متمانەی دوولایەنە دابین دەکرێت([٤٦]). لەم بۆچوونەدا (رووسیا)و (هیندستان)یش هاوران لەگەڵیدا! ([٤٧]). بۆیە هەمیشە کاریان لەسەرئەوە کردووە کە مەترسیەکانی (ئەمریکا) لەگەشەسەندنەکانی خۆیان بڕەوێننەوە! کاتێك دوای رووداوەکانی ١١ سپتمبر، سەرۆکی ولأتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) (جۆرج دبلیو بۆش) لەمانگی سپتمبەردا سەردانی شانگەهای کردو لەلایەن (جیانگ تسی مین) سەرۆکی (چین)ەوە پێشوازی کرا، حکومەتی (چین) رایگەیاند کەوڵاتەکەی لە شەڕی تیرۆردا پاڵشتی (ئەمریکا) دەکات، لەهەمان مانگی ساڵی (٢٠٠٢) سەرۆکی (چین) سەردانی (ئەمریکا)ی کرد مژدەی دۆستایەتیەکی نوێی ئەمریکی-(چین)ی راگەیەنرا. لەسەردانی سەرۆکی (هیندستان) بۆ (رووسیا) هەردوولا رایگەیاند کە خاوەنی مەسەلەیەکی هاوبەشن لەشەڕکردن دژی تیرۆر لە کشمیرو چەچان، تەنانەت بیریان لەوەکردەوە کە (رووسیا) بەشێوەیەکی پراکتیکی ببێتە ئەندام لە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ)! . . . هەر لەنۆڤمبەری ساڵی (٢٠٠١) سەرۆکی (رووسیا)و (ئەمریکا) بڕیاریاندا کە ژمارەی سەرە ئەتۆمیەکانیان کەم بکەنەوە([٤٨]).

لەراستیدا ئەمە قۆناغێك بوو، کە ئەو زلهێزانە دەیانویست نیازپاکی خۆیان بۆ یەکتر بسەلێنن و خۆیان لە تووڕەیی و هێزی گەورەی (ئەمریکا) بەدووربگرن، بەڵام لە رووی مێژوویی سیاسیەوە ئەمە وەك تاکتیکێکی کاتی هەژماردەکرێت، چونکە سروشتی هێزەکان وایە کە هەمیشە لە جووڵەدان و مەسەلەی ململانێ و رووبەرووبوونەوە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا شتێکی حەتمیە! ئەکادیمیست و سیاسەتمەدارەکانی (ئەمریکا) وایان لێکدەدایەوە کە راستە (چین) لە رووی ئابووریە دەبێتە زلهێزێکی گەورە، بەڵام (چین) ئەو سۆفت پاوەرەی نیە کە بتوانێت رکابەری (ئەمریکا)ی پێبکات، بۆیە دەبینین (چین) هەوڵیدەداهێزی نەرمی خۆی بەهێزبکات و بەرەو پێشەوەی بەرێت! لە ئۆلۆمپیاتی ساڵی(٢٠٠٨)، (چین) بەسەرکەوتوویی سۆفت پاوەری خۆی نیشاندا، هاوکات لە ساڵی (٢٠٠٩) رایگەیاند، کەوا بلوێنان دۆلاری لە دەزگاکانی راگەیاندن خەرج کردووە، دەیویست تەلەفزیۆنی حکومەتی (چین) لە شانی سی ئین ئینی ئەمریکی بدات، لەرووی فلیمی سینەمایشەوە کاری کرد،

---

[٤٦]- فیدیا نادکارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٦.

[٤٧]-بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٧ بەدواوە.

[٤٨]-T.V. Paul, ibid:p:٣٢٤.

بەلاَم نەیتوانی وەك بۆلیۆدی (هیندستان)ی سەرکەوتن بەدەست بێنێت! ئەو فلیمانەی کاریان لەسەر دەکرا زۆربەیان دەربارەی مێژووی (چین) بوون، لەبەرئەوەی رووداوە نوێیەکان لە مقەسی چاودێرەکان رزگاریان نەدەبوو! هەرچۆنێك بێت (چین) لەهەوڵی ئەوەدایەلەرێگای هێزی نەرمەوە لەدەرەوە دۆست بۆخۆی پەیدا بکات نەوەك لەرێگای هێزی سەربازیەوە([٤٩]). هەرچەندە گریمانی ئەوە دەکرێت کە لەساڵی (٢٠٣٠) گەشەسەندنی ئابووری (چین) ٦٪ بێت و گەشەسندنی ئابووری (ئەمریکا) ٢٪ بێت، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا پشکی تاکات لە داهاتی نەتەوەیی ناگاتە پشکی لە(چین) ناگاتە تاکی ئەمریکی([٥٠]).

لەکۆتایدا رۆژئاواییەکان وایدەبینن کەدوارۆژ لەبەردەم دایە، ولاَتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) رۆڵێکی جیاواز دەبینێت، لایەنی تر لە دەرەوەی رۆژئاوا بەدیاردەکەوێت وکاریگەر دەبێت، بۆیە پێویستە هەرگیز رۆژهەلاَت فەرامۆش نەکرێت، دەبێت رۆڵی (چین) لەبەرچاوبگیرێت لەپێکهێنانی سیستەمێکی سنووورداری نێودەوڵەتی، (چین) نەکارامەیی راستەقینەو نەبەهای هاوبەشی لەگەڵ رۆژئاوادا هەیە کە رێگای پێبدات کۆی سیستەمێکی سەرنجراکێشی نێودەوڵەتی پێکبهێنێت، ناتوانرێت ئەوە بەرچاو نەگیرێت کە (چین) یاریزانێك و هێزێکی ئابووری کاریگەرە، بەلاَم ئەوەی جێگای گومانە کارامەییەتی لەوەی کە بتوانێت نمونەی خۆی بەسەر رۆژئاوادا بسەپێنێت، راستە گەشەسەندنی ئابوری لە (ئەمریکا)و رۆژئاوا تاسەر بەردەوام نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا لەناو هێزەکانی ئاسیادا هێزێك سەری هەڵنەداوە کە ببێتە تەوەر([٥١]). بەم چەشنە پێویستە دان بە رۆژئاوادا بنرێتو وەك راستەقینەیەك پێشوازی لێبکرێت! دەوڵەتانی ئاسیا تایبەتمەند دەبن بە رکابەریەتیە هەرێمی و جیهانیەکان، بۆیە لەسەر (چین) پێویستە رۆڵێکی بەهێزتر بگێرێت لە سیستەمێکی جیهانی رۆئاوایی، بە تایبەتیش لە رێگای ولاَتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)وە کە سیاسەتی ئابوری خۆی لەدەستداوە بەلاَم تاوەکو ئێستا پێشنگە لە هەژموونی جیهانی([٥٢]). دیارە ئەم بۆچوونانە لەبواری ریالیستی و پراکتیدا جێگەیان نابێتەوە، چونکە (چین) هێزێکی ئاسیایی مەزنەو هەرگیز ناتوانێت لەمەداری هیچ هێزێکی تردا بسورێتەوە، بەتایبەتیش (ئەمریکا) و هێزە ئەوروپیەکانی تر، کە مێژوویەکی پڕچەرسەمەریان بۆ گەلانی ئاسیا دروستکرد، دوا رۆژی ئاسیا هەرگیز ناکەوێتە سەر جۆری پەیوەندیەکانی هێزی ئەو کیشوەری لەگەڵ (ئەمریکا)و رۆژئاوا، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شێوازو جۆری ئەو هاوپەیمانیەتی و هاوبەندیانەی کە لەخودی ئاسیادا دروست دەبن و لەکاتی ئێستادا بەشێنەیی و نەرمی خەریکی گەشەسەندنن!.

---

٤٩ - Joseph S. Nye, Jr, American and Chinese Power after the Financial Crisis, THE WASHINGTON QUARTERLY j OCTOBER ٢٠١٠, P: ١٤٦.

٥٠-Joseph S. Nye, Jr, American and Chinese Power after the Financial Crisis, THE WASHINGTON QUARTERLY j OCTOBER ٢٠١٠, P: ١٥٠.

٥١ - Francesca Subbioni, Is the United States declining? Analysis of the US decline in global dominance compared with the "rise" of the rest, in particular with China,١Report dell ISAG,(٦٢)December ٢٠١٥,P:١٣

٥٢ - ibid,P:١٣

## باسی سێیەم :هاوپەیمانیەتی (رووسی- چین)ی

(رووسیا) بۆ ئەوەی خۆی لە فشارەکانی بالأدەستی و هەژموونی (ئەمریکا)وهاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی بپارێزێت، دەبوایە هاوپەیمانێك بۆ خۆی بدۆزێتەوەکەلەمەترسیەکانی (ئەمریکا)دا هاوبەشی بکات، یەتایبەتیش زلهێزەکانی (ئۆراسیا)، بۆئەوەی رێگاخۆش بکات لە ئایندەدا هاوپەیمانیەتیەکی ئۆراسی دروست ببێت و هەژموونی شارستانیەتی رۆژئاوا لەوناوچەیە نەهێڵێت، کە لەماوەی نزیکەی سەد ساڵی رابردوودا دووچاری ئازارو چەرمەسەریەکی زۆری کردبوون، باشترین ئەو هێزە گریمانکراوانەی (ئۆراسیا)ش، کەلەرووی مرۆیی و جوگرافی و تەکنەلۆژیشەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، (چین) و (هیندستان)، دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی (رووسی-چینی-هیندی)، سێکوچکەی هێزێکی وا دروست دەکات، کە دەتوانێت کۆنترۆڵی هەموو (ئۆراسیا) بکات، واتە دەتوانێت گەورەترین ئیمپراتۆریای ئاسیای دروست بکات کە لەمێژوودا وێنەی نەبووبێت! کاتێك رکابەریەتی ئابوری (چین)ی و هێزی هەرێمایەتی (هیند)ی و دەوڵەمەندی (ژاپۆن) کە هاوپەیمانی (ئەمریکا)یە لە ئۆقیانوسی هێمن، لەسەر تەختەی شانۆی جیهانی زەق ببێتەوە، ئەمە بەتەنیا نابێتە هۆی کودەتایەکی سەرنج راکێس لە رێزبەندی جیهانی هێزەکان، بەڵکو رووناکیش دەخاتەسەر پەرتەوازەیی و پەرش و بلأوی هێزەکان، ئەمەش ژمارەیەك مەترسی جدی دێنێتە پێشەوە، دیارە کە هێزە ئاسیاییەکان هاوپەیمانێکی هەرێمایەتی یەکتر نین، وەك دۆخی هاوپەیمانیەتی ئەتڵەسی لەماوەی شەڕی سارددا (لەرابردووشدا ئەو هاوپەیمانیەتە نەبووینە)، ئەوان هەمیشە رکابەری یەکتربووینە، بەلأم ئەوەی وایان لێدەکات کەتا رادەیەك لە ئایندەدا لە یەکتر بچن، ئەزموونی ئیمپریالیستانەی هێزەکانی ئەورووپی – ئەتلەسیە، کە لەململانێ لەسەردابەشکردنی جیهان لەنێوان خۆیاندا، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیان دووچاری چەندین شەڕی گەورەو مەترسیدار کردەوە، لەوانە هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان. هەمان ئەو ململانێیە لەنێوان زلهێزە نوێیەکانی ئاسیادا هەیە، بۆی هەیە لە یەکێك لە وەرچەرخانەکاندا مەترسی لەسەر سەقامگیری هەرێمی و جیهانی دروست بکات! بە تایبەتیش ئەگەر ئەوەمان زانی کە ژمارەکی ئێجگار زۆری دانیشتوان لەو ناوچەیەدا دەژیت، هاوکات خاوەنی توانایەکی وێرانکاری شاراوەیەو زیاتر لەدەوڵەتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی تێدایە، بۆیە هەر ململانێیەك لەنێوان هێزەکانی ئاسیا ئەگەر تەنیا لەسەر یەك دوورگەش بێت ئابوری جیهان دەخاتە مەترسیەوە، بۆیەئەو رکابەریەی لەنێوان هێزە ئەوروپاییەکان هەبوو جیاوازە لەو رکابەریەی لەنێوان هێزە ئاسیاییەکاندا هەیە ([٥٣]). چونکە ئابوری جیهان بەشێوەیەکی کۆك وابەستەی ئابوری (ئۆراسیا)یە، جا ئەگەربێت و (رووسیا)ش ببێتە بەشێك لەو هاوپەیمانیەتیە، ئەوکاتە بارەکە بۆ هێزەکانی نا ئاسیایی، واتە ئەمریکی و ئەورپایی زۆر مەترسیدارتردەبێت!.

سەرکردەکانی (چین) هاوبەشێتی ستراتیژی (چین)ی-رووسی ومیکانیزمی راوێژکارانەی پێنج لایەنەلە شەنگەهای(١٩٩٦)، بە باشترین نمونە وەسفکرد بۆ پەیوەندی نێوان زلهێزەکان لە قۆناغی دوای شەڕی سارد، ئەو هاوبەشێیتیە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە بەرەیەکی یەکگرتوو دژی سیاسەتی هەژموونگەرایی ولأتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)و ناتۆ لە ئەورووپاو شوێنەکانی تر دروست بکەن، دوای ئەوەی ئەو دوو ولأتە لەنێوان ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٤) کێشە سنووریەکانی خۆیانو ئەو ناکۆکیە هەرێمایەتیانەی هەیانبوو تارادەیەکی باش

[٥٣] - زبيغنيو بريجنسكي، رؤية استراتيجية...، ص ٣١.

چارەسەرکرد، هاریکاری (چین)ی-رووسی لەرێگای یەکبوونی بۆچوونە ستراتیژیە هاوبەشەکانیان بەرامبەر پاراستنی سەلامەتی هەرێمایەتی و دانانی رادەیەك بۆ بەرچڤەکردنی سیاسەت و نفووزی (ئەمریکا) کە لەبەرژەوەندیەکانی هەردوو دەوڵەت نەگونجێت پتەوتر بوو، بەرهەڵستکارییەکی دوولایەنەیان بۆ فۆرمۆڵە کرد بەرامبەر هەڵوێستە دووڕوەکانی (ئەمریکا) بەرامبەر هەریەك لە شەڕی دژی تیرۆرو بانگەشەکردن بۆ جیهانێکی کارکردن کە بنەما بێت لەسەر فرە جەمسەری([54]). ئەمەرێگای خۆشکرد بۆ دامەزراندنی رێکخراوی شەنگەهای لە ساڵی (٢٠٠١)، هەر ماوەیەك دوای ئەوەش رێکەوتنامەی هاریکاری دۆستانەو هاوسێ سازیان گرێدا، بەلاَم لەگەڵ ئەوەش هاریکاری سەربازی لەنێوان هێزە سەرەکیەکانی ئاسیاو (ئۆراسیا)، خاڵی نیە لە گرژی و دڵەراوکێ، لەبەرئەوەی رووسەکان هەستیان بەدڵەراوکێ دەکرد لە زیادبوونی قەڵەمڕەوی هەرێمایەتی (چین)، هاوکات (چین)یەکانیش درکیان بە قەڵەمڕەوی بەهێزی (رووسیا) کردبوو لە ئاسیای ناوەڕاست! هەروەها پەیوەندیەکانی (رووسی-چین)ی، کە مۆرکێکی دام و دەزگایی پتەوی پێوەبوو، هەلی ئەوە بۆ هەردوو وڵات دەرەخساندبۆ ئەوەی بەچڕی چاودێری هێنانەدی خەونەکانی یەکتر بکەن لەقەڵەمڕەوی هەرێمایەتی و جیهانی([55]).

جێگای سەرنجە کە (رووسیا) دەیویست وەك هێزێکی هاوسەنگیکار لەگەڵ (ئەمریکا)و ئەوروپا سوود لەپێگەی ستراتیژی و هێزی ئابوری و مرۆیی (چین) وەربگرێت، بەلاَم لە هەمان کاتدا نەشیدەویست نفووزی (چین) بەرەو سنوورەکانی ئەو لە ئاسیای ناوەڕاست هەڵزنێ و بە مەترسی دەزانی! چونکە پێی وابوو ئەوکاتە دەکەوێتە ژێر هەژموونی (چین)، بە تایبەتیش لەدوای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم کە (چین) لەگەشەسەندنێکی زۆر خێرادابوو، هەرچەندە زۆر کەس پێی وابوو کە دوای رووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی (١٩٨٩) بەکۆتاهاتنی ململانێی کۆنی نێوان سەرمایەداری وکۆمۆنیستی، یەکێتی بازاڕی ئەوروپی هاوبەش لەساڵی (١٩٩٣) سەرەتای ململانێیەکی ئابووری دەبێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لەو چرکەساتەدا، بۆیەکەم جار لەماوەی زیاتر لەسەدەیەك، ولاَتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) دەبێتە دووەم گەورەترین ئابوری لە جیهان([56]). بەلاَم دەرکەوت کە لەسەدەی نوێدا (چین) زۆر پێش ئەوروپاش کەوتەوەو شانسی بوون بە یەکەمین زلهێزی ئابووری لە جیهان بۆ (چین) زۆرتربوو! بۆیە (رووسیا) هەرچەندە دەیویست لە(چین) نزیك بێتەوە، بەلاَم بەهوشیاریشەوە مامەڵەی دەکرد!. لەچوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ دوور خستنەوەی (چین) لە ئاسیای ناوەڕاست، مۆسکۆ هەوڵیدابە ئەنقەست ترسی سەرکردەکانی گیرغستان وکازاخستان دەوڵەتەکانی تری ناوچەکە بقۆزێتەوە لە هاتنی کەل و پەل و بازرگانە چینیەکان، کە (بەگوێرەی بینینی رووسیا)بۆیان هەیە پیشەسازی و پرۆژەی کارسازە ناوخۆییەکان، کە خۆیان لە بنەڕەتدا پەرتەوازە بوون، لەناو ببات. (مۆسکۆ) بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە (چین) تەنیا ئەوەی لە توانادایە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ رۆڵێك لە ئاسایشی ناوچەکە ببینێت و پێویستە بوونی سەربازی (چین) لەکەمترین ئاستدابێت، ئەمە لە کاتێکدا (رووسیا) بایەخێکی زۆری بە پەیوەندیەکی( بەهێزی ئاسایشی) لەگەڵ (چین) دەدا، بەلاَم دەیویست ئەمە تەنیا لەسەر ئاستی دوولایەنە بێت([57]). هەرچۆنێك بێت هەوڵیدا پەیوەندی

---

[54]- فیدیا نادکارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٣.

[55]- هەمان سەرچاوە، ص ٩٤.

[56]– ليستر ثارو، الصراع على القمة- مستقبل المنافسة الاقتصادية بين امريكا واليابان، ترجمة:احمد فؤاد بلبع، عالم المعرفة(٢٠٤)، ديسمبر ١٩٩٥، ص ٢١.

[57]- باڤل باییف، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٩.

(هاریکاری ستراتیژی) لەگەڵ (چین) دروست بکات، وەك رێگا چارەیەك بۆ ستراتیژیەتی (رووسیا) لە وەرچەرخانەوە بەرەو رۆژهەلاَت و گەڕان بە دوای هاوبەشێك کە بتوانێت هاوسەنگی پێبکات دژی گەشەسەندنی ئەو هەڕەشانەی کە لە رۆژئاواوە بۆی دەهات(فراوانبوونی هاوپەیمانی ناتۆ)، رێگا چارەیەك کە زۆرسەرنجی ناوەندە سیاسی و سەربازیەکانی (رووسیا)ی راکێشا، ئەمە وای لەوانە کرد کە تێبینی دۆخەکەیان دەکرد بگەنە ئەو بڕوایەی کەوا فراوانبوونی ناتۆ، خەریك بوونی (رووسیا) لە رۆژهەلاَت بە هەند وەرناگرێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی خێراترکردن و بەهێزکردنی لە یەکتر نزیك بوونەوەی (رووسیا)و (چین)، لە یەکتر نزیك بوونەوەیەك تا ئەو رادەیەی بگاتە دامەزراندنی هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی! راستە روسیاو (چین) لە پەیوەندیەکانی نێوانیاندا مێژوویێکی دوودرێژی ناکۆکیان هەبووەو هاوپەیمانیەتیە بۆی هەبوو رووبەرووی ئاستەنگی زۆر بێتەوە، بەلاَم هیچ هاوپەیمانیەتیەك بە بێ پێشەکی نابێت ودەوڵەتان هەرکاتێك زانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان پێویستەهاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزێکی تردا ببەستن، دەیبەستن! لە رووی مێژوویشەوە سەرکردەکانی رووس هەمیشە هەوڵیانداوە خۆیان بەدوور بگرن لەوەی لە دووبەرەی جیاوازەوە رووبەرووی دژەبەرکانیان ببنەوە! ئاڕاستەی (رووسیا) بەرەو (بینجین)*، دەتوانین وا شیبکەینەوە کە دەبێتە هۆی زیاتر لەیەکتر نزیك بوونەوەی ئەودوودەوڵەتە([58]). بۆیەدەتوانرێت دیاردەکانی رێگاچارەی (رووسیا)، لە یەکتر نزیك بوونەوەی لەگەل (چین)، لە بواری هاریکاری سەربازی-تەکنیکی وهەوڵەدیپلۆماتیکیە هاوبەشەکانیان بەدیبکرێت و بە ئاسانی بەرجەستەبکرێت، لە بواری سەربازیەوە مۆسکۆ هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ نوێکردنەوەی سوپای (چین)ی، وەك چۆن پێشتریش لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم کارەی کرد، بە شێوەیەك کە کە لە ساڵی (١٩٩٢) دەوە (چین) بووە کڕیاری سەرەکی چەکی رووسی کە ساڵانە بڕەکەی گەیشتە ١. ٨ ملیار دۆلار، رێژەی ٤٠-٥٠٪ گرێبەستە گەورەکانی کڕینی چەکی (چین)ی لەماوەی نێوان (١٩٩٢-٢٠٠٤) لە(رووسیا) بوو([59]).

شایەنی گوتنە کە بیرۆکەی هاوپەیمانیەتی نێوان (رووسیا)و (چین) لایەنگری زۆری هەبوو، هەندێك پێیان وابوو کە"لەسەر(چین) پێویستە لەهەموو بوارەکاندا(لەوانەش سەربازی) هاریکاری (رووسیا) بکات، هەڵوێستی ئەو دوو وڵاتە لەبواری سیاسیدا، بەتایبەتیش لەمەسەلە جیهانیەکاندا خەریك بوو وەکویەکی لێدەهات، هەروەها پێیان وابوو کە"هاریکاری پتەو لەگەڵ (روسیا) لەدوارۆژدا پێگەی جیهانی (چین) لە ململاَنێی نێوان وڵاتاندا لەجیهان بەهێز دەکات! ". . . "ئەگەر پەیوەندی ستراتیژی کەوتە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕی کاودانەکانی نێودەوڵەتی، بۆ وێنەئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان فشار بخاتە سەر(چین) و (رووسیا) بەیەکەوە، ئەو پەیوەندیانە چەسپاوترو بەهێزتر دەبن، بەلاَم ئەگەر واشنتۆن فشاریان نەخاتە سەر، یاخود بە تەنیا فشار بخاتە سەریەك لایان، بێگومان ئەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئەو پەیوەندیە"دیارە (ئەمریکا)ش باش لە بایەخی ئەو پەیوەندیە گەیشتبوو! وەزیری دەرەوەی (ئەمریکا) لە تشرینی دووەمی (١٩٩٣) لەبەردەم لێژنەی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکەیدا گوتی:"هیچ ناوچەیەك نیە لەجیهان لەناوچەی ئۆقیانووسی هێمن و ئاسیا

---

*- پایتەختی چین.

[58] – د.زهیر بوعمامة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٤٧.

[59] - هەمان سەرچاوە، ص ٥٤٨.

زیاتر بایەخی بۆ بەرژەوەندیەکانی (ئەمریکا)هەبێت"([٦٠]). بۆیەتادەهات بیرۆکەی هاوپەیمانیەتی لەنێوان هەردوو هێزی زەبەلاحی ئاسیاو ئەوروپا((چین) و (رووسیا)لە لایەن کەسانی کاریکەرو خاوەن نفووزیش زیاتر پاڵپشتی دەرێت و کاریگەری زۆرتر دەبێت، لە بەلگەنامە نهێنیەکنی (چین) ئەوە دەخوێنینەوە کە (رووسیا) سەربارى ئەو ئاستەنگانە کاتیانەی پیایدا تیپدەپەرێت، وەك پێشووتر بە زلهێزێکی رۆکێتی و ئەتۆمی دەمێنێتەوە، (رووسیا) یەکێکە لەو دەوڵەتە کەمانەی کەدەتوانێت بەرهەڵستی سیاسەتی جیهانی (ئەمریکا) بکات، (چین)یەکان هاوپەیمانیەتی رووسی وەك مەرجێکی بنەڕەتی دەبینن بۆئەوەی ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆیان لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بێننە دی، سەنتەری (چین)ی بۆ توێژینەوە ستراتیژیەکان وایدەبینێت کە "پێشخستنی هاریکاری سیاسی و سەربازی و تەکنەلۆژی لەگەڵ (رووسیا)، بەدرێژایی سەدەی داهاتوو پاڵپشتی و یارمەتی هەلۆێستە نێودەوڵەتیەکانی (چین) دەکات و توانای سەرکەوتنی پێدەبەخشێت، (چین) و (رووسیا) بەیەکەوە کاریان کرد بۆ ئەوەی سیاسەتێکی هاوبەش بەرامبەر مەسەلەی عێراق و کۆسۆڤۆ دابرێژن([٦١]). کە ئەمە هەندێك هێزو لایەنی نیگەران کرد، وایاندەبینی ئەگەر (رووسیا) هاوپەیمانیەتی لەگەڵ (چین) ببەستێت دەبێتە کێشەیەکی زۆر گەورە، ئەگەر هاوپەیمانیەتی لەگەڵ بەهێزەکاندا بکات هێزی (رووسیا) زۆر زێتردەبێت، بۆیەپەیوەندیەکانی (ئەمریکا)و (رووسیا)و (چین)، لە نێویشیدا هاوپەیمانیەتی (رووسیا)و (چین) زۆر ئاڵۆزتردەبێت! ئەو هاوپەیمانیەتیە دەبێتە هاریکاریەکی یەکلایکەرەوە بە گوێرەی مەسەلەی شەڕو ئاشتی لە سەد ساڵی داهاتوودا، لە راستیدا وریاییەکی زۆر کەزێدەڕۆیی تیابکرێت لە لەیەکتر نزیك بوونەوەی دوو زلهێز لەسەر خاکی (ئۆراسیا)ی بەرفراوان، بابەتێکی تەقلیدیە لە بواری جیۆپۆلەتیکای ئەمریکی([٦٢]).

هاوبەشی بنیاتنەرانەی (رووسیا)و (چین)، لە ساڵی (١٩٩٦)، گۆڕاو بووە پەیوەندیەکی ستراتیژی، لە راگەیاندنەکەی شەنگەهای لەساڵی (١٩٩٦)، (رووسیا)و (چین) رایانگەیاندکە نیازیان وایە"هاوبەشی ستراتیژی خۆیان، کە بنەمایە لەسەر یەکسانی ومتمانەو هەماهەنگی دوولایەنە لە پێناو سەدەی بیست و یەکەمدا بەرەوپێش بەرن" بەو رێکەوتنە هەردوولا میکانیزمێکیان دانا بۆ "گفتوگۆیەکی رێکخراو لەهەموو ئاستەکان و لەرێگای هەموو کەناڵەکانەوە"هێڵێکی تەلەفۆنی گەرمیان لەنێوان (بیجین ) و (مۆسکۆ)دامەزراند، (رووسیا) دانی بە سەروەرێتی (چین) بەسەر تایوان و تیبت نا و بەڵێنیدا کە پەیوەندی تایبەت لەگەڵ تیبت گرێنەدا، هاوکات (چین)یش دانی بەوە نا کە مەسەلەی چەچان مەسەلەیەکی ناوخۆی (رووسیا)یە، مەترسی خۆتێهەڵقورتاندنی ناتۆ لە باڵکان، وایکرد هەردوو لا نارەزایەتی دەربڕن لەسەر پێشێلکردنی و سەروەری و سەلامەتی خاکی وڵاتانی باڵکان([٦٣]). پێویستە ئاماژە بەچەند خاڵێکی سەرەکی بدەین لەو راگەیاندنەی (چینی – رووسی):-

[٦٠] - أ.ني، اوتكين، النظام العالي للقرن الواحد والعشرين...، ص ٢٩٤.

[٦١] - انتاتولى اوتكين، الاستراتيجية الامريكية للقرن الحادى ....، ص ٩٧.

[٦٢] - هةمان سةرضاوة، ص ٣٢.

[٦٣] - United Nations, General Assembly, Distr. GENERAL, ORIGINAL:CHINESE AND RUSSIAN, A/٥١/١٢٧, ٢ May ١٩٩٦: http://www.un.org/documents/ga/docs/٥١/plenary/a٥١-١٢٧.htm

١-ئەو رێکەوتنامەی کە لە لوتکی (چین)ی-رووسی لە نیسانی (١٩٩٦) بەسترا، رێگای بۆ هەردوو لاخۆشکرد کە ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانیان، دوور لەسنووری هاوبەشی نێوانیان سەرلەنوێ بلاّو بکەنەوە، (رووسیا) هێزەکانی لە سنوورەکانی رۆژئاوای خۆی بلاّوەپێکردەوە وەك رەنگدانەوەیەك بۆ دڵەراوکێی بەرامبەر فراوانخوازیەکانی ناتۆ لە رۆژهەلاّت، هەروەها (چین)یش هێزەکانی خۆی رووەو گەرووی تایوان ودەریای باشووری (چین)ی سەرلەنوێ بلاّوەپێکردەوە، بۆئەوەی تواناکانی پتەوبکات بۆ ئەگەری هەر رووداوێکی نەخوازراوی کت و پڕ.

٢-(رووسیا)و(چین) گفتوگۆکانی خۆیان تایبەت بە ئاسایش فراوانتر کرد بە شێوەیەك کە مەترسی و بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستیش بگرێتەوە.

٣- هەردوولا بایەخی زیاتریان بە بازرگانیدا بەشێوەیەك کە سوودی لێببینن لە رووی تەواوکاری ئابوریەوە.

٤-هەردوو لایان ئەوهاوبەشیەتەی(الشراكە)بەرگری و دوور لەبەریەکەوتنەیان وەك(جۆرێکی نوێ لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان هەژمارکرد)کە باشترین جۆری پەیوەندیە بۆ سەدەی بیست و یەکەم([٦٤]).

لە تەموزی ساڵی (٢٠٠٠)، (روسیا)و (چین) بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەربارەی پەیماننامەی چەکی دژە رۆکێتی بالیستی بلاّوکردەوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ ولاّتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)یان تۆمەتبارکرد بەوەی کە:"تاك لایەنە هەوڵدەدات بۆ هێنانەدی بالاّدەستیەکی سەربازی و ئاسایشی" بەو هەولاّنەی کە دەیدا لە "دامەزراندنی مەنزومەیەکی بەرگری رۆکێتی نەتەوەیی" کە بەگوێرەی پەیماننامەی (چەکی دژ بە رۆکێتی بالیستی) قەدەغەکراوە، هەردوولا بەرهەڵستی تەواوی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو بەرنامەی کە"مەترسیدارترین چارەنووسی نێگەتیڤانەی لێدەکەوێتەوە نەك بە تەنیا بۆ (چین) و (رووسیا) و ولاّتانی تر، بەڵکو بۆ خودی ولاّتەیەکگرتووەکانی (ئەمریکا) خۆی و بۆستراتیژیەتی جیهانی"([٦٥]). لەتەموزی ساڵی(٢٠٠١)، (رووسیا)و(چین) رێکەوتنامەی(دۆستایەتی و هاریکاریان) واژۆ کرد، کە یەکەمین رێکەوتنامە بوو لەو بابەتە لەسەردەمی ستالین و ماوتسی تونگەوە، ئەو رێکەوتنامەیەی کە لەنێوان دوو زلهێزی زەبەلاحی سەردەمی کۆمۆنیزم گرێدرا لەپێناو بەرهەڵستیکردنێکی هاوبەش، لە چوارچێوەی ئەو چوارچێوە نێودەوڵەتیەی کە (ئەمریکا) لە دوای شەڕی ساردەوە هەوڵیدەدا دایمەزرێنێت، بەشی یەکەمی رێکەوتنامەکە هەردوولای پابەند دەکرد کە یارمەتی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان لەولاّتی یەکتر نەدەن، بینجین رازی بوو بەوەی کەئەو شەڕەی لە چەچان دەگوزەرا، بابەتێکی ناوخۆیی (رووسیا)یە، بەرامبەر ئەمەش مۆسکۆ پاڵپشتی (چین)ی کرد لەسەرکوتکردنی ناڕەزایەتیەکانی تبیت. لەراستیدا پتەوکردنی سەقامگیری ناوخۆی ئاسیا یەکەمین رەگەزی رێکەوتنامەکە بوو، (چین) دانی بە بەرژەوەندیەکانی (رووسیا) نا لە ناوچەی قەوقازو (رووسیا)ش دانی بە بەرژەوەندیەکان (چین) نا لە کەنارەکانی رۆژهەلاّتی (چین) لەکیشوەری ئاسیا، (رووسیا) رازی بوو کە تایوان بەشێکە لە(چین) بەرامبەر ئەوەش (چین) رازی بوو کە چەچان بەشێکە لە (رووسیا)! ([٦٦]).

لە ساڵی (٢٠٠٥)، (چین) و (رووسیا) یەکەمین مانۆری سەربازی خۆیان بەیەکەوە ئەنجامدا، بە ئامانجی ئەوەی کپەیوەندیەکانیان بەهێزبکەن و هاوبەشی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و کەل و پەلی سەربازی لەنێوان سوپای هەردوو

[٦٤] -ibid.

[٦٥] -Joint Statement China-Russia ٢٠٠٠: http://www.fmprc.gov.cn/mfa_eng/wjdt_٦٦٥٣٨٥/٢٦٤٩_٦٦٥٣٩٣/t١٥٧٩٣.shtml

[٦٦] - T.V. Paul, James,ibid:p:٣١٩.

ولآتدا بەهێزتر بکەن، ئەو مانۆڕەیان ناو نا (نێردەی ئاشتی) کە مانۆڕێکی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی بوو، ئەمە هەلی بۆ (چین) رەخساند کە توانا سەربازیەکانی و هاوبەشیەتی خۆی لەگەڵ (رووسیا) نیشانی تایوان و ولآتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) بدات، هەروەها بۆ مۆسکۆش گرنگ بوو کە پەیوەندیە سەربازیە (پتەوەکانی ) خۆی لەگەڵ دەولەتێکی گرنگی ئاسیایی نیشان بدات، لەکاتێکدا لە قۆناغی دوای شەڕی سارد، بەهۆی ئەو شۆڕشە رەنگاورەنگانەی دەستیپێکردبوو قەڵەمڕەوی دووچاری مەترسی دەبووەوە([67]). لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ میدیاکانی (چین)یدا ئەنجامیدا، سەرۆکی (رووسیا) (میدیفیف) رایگەیاند:"لەسەدەی بیست ویەکەمدا، بازرگانی نێوان (چین) و (رووسیا)ناکرێت تەنیا پشت بە هەناردەکردنی وزەی رووسی و هاوردەکردنی شمەکی (چین)ی ببەسترێت، بەڵکو پێویستە ئەو ئالوگۆڕە بوارەکانی تری کەرتی تەکنیکی بالآ، وەك فەزایی و تەکنیکی زۆر ورد(نانو) و ئۆتۆمۆبیلیش بگرێتەوە([68]).

پێناچێت لە ماوەیەکی کورتدا پەیوەندیەکانی رووسی-(چین)ی درزی تێبکەوێت، لەبەرئەوەی پرۆسەی بەرزبوونەوەی (چین) بەردەوامە، موسکۆ و بنجین لەسەر ئاستی فەرمی توانای ئەوەیان هەیە بەردەوام بن لە پەیوەندی دوو لایەنەیان وەك دوو لایەنی یەکسان، بەلآم ئەو رێرەوەی کە ئەگەری هەیە لە دوارۆژێکی بینراودا بیگرنە بەر، وەك یەکێك لە چاودێرە (چین)یەکان دەلێت "(رووسیا) زلهێزی دوێنێ بوو، ولآتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) زلهێزی ئەمڕۆیە، (چین) زلهێزی جیهانی سبەیە، (چین) کە نایەوێت سەرنجی کەس بۆ لای خۆی رابکێشێت، بەلآم خۆی ئامادە دەکا بۆئەوەی ئەو شتە بکات کە دەیەوێت بیکا و بۆ بەرژەوەندی ئەو باشترە، هێشتا ئەستێرەی (رووسیا) نەکوژاوەتەوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر دینامیکیەتی سێگۆشەی ستراتیژی (چینی-ئەمریکی-رووسی) دەبێت([69]). بەم چەشنە (ئۆراسیا) تەختەی شەترەنجێکە ململانێی لەسەر بالآ دەست بوونی جیهانی بەردەوامە، سەرباری ئەوەی جیۆستراتیژی- واتە ئیدارەدانی ستراتیژی بۆ بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان، دەکرێت بەراورد بکرێت بە تەختەی شەرترەنج، وەلێ تەختەی شەترەنجی (ئۆراسیا) هێلکەییەو بە تەنیا دوو یاریزانی لەسەر نییە بەڵکو ژمارەیەك یاریزانی لەسەرەو هەریەك لەو یاریزانانەش برێکی جیاواز لە هێزی هەیە، یاریزانە سەرەکییەکان لە رۆژئاوان، لە رۆژهەلآتن، لە سەنتەرو لە باشورن، کۆتایی رۆژهەلآت و رۆژئاوای تەختەکە ناوچەیەك بە خۆوە دەگرێت کە چڕی دانیشتوانی تێدا زۆرە، بە باشی رێکخراوەوژمارەیەك دەولەتی بەهێزی تێدایە، لە بەشی بچووکی رۆژئاوای (ئۆراسیا) قەڵەمڕەوی (ئەمریکا)ی بە شێوەیەکی راستەوخۆ تێدا بلآوبۆتەوە([70]).

## باسی چوارەم: سێکوچکەی زلهێزەکان (رووسیا- چین- هیندستان) وچارەنووسی (ئۆراسیا)

ئاشکرایە کە (ئۆراسیا) کۆمەڵێك هێزی جیهانی وگەورەی تیایە کە لەرووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و تەنانەت رۆشنبیریشەوە کاریگەریگەری گەورەیان بەسەر جیهاندا هەیە، وەکو (رووسیا)و (چین) و (هیندستان)، راستە ئەو هێزانە لەیەك ئاستدا نین، بەلآم گەمەی سیاسی ئەوهێزانە راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر (ئۆراسیا) و

[67] – فیدیا نادکارنی، الشراکات الاستراتیجیة ...، ص ١١٤.

[68] هەمان سەرچاوە، ص ١٢٥.

[69] - فیدیا نادکارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٢.

[70] - برجنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥١.

هەموو جیهان هەیە، لەپاڵ ئەمانەشدا ژمارەیەك هێزی هەرێمی هەیە، لە باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا وەکو ژاپۆن و ئەندەنوسیاو مالیزیاو. . . هتد، لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا وەکو تورکیاو (ئێران) و ئەو ناوچانەی کە لە خوارووی قەوقازەوە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە سەرکەنداو! ئەمانە دەتوان رۆڵی تەواوکەری هێزە جیهانیەکان بگێڕن و کاریگەری زۆر گەورەیان هەیە، بۆ وێنە ئەگەر تورکیاو (ئێران) بچنە پاڵ هەر هاوپەیمانیەتیەکی ئۆراسی ئەوە نەك هەر بەتەنیا هاوسەنگی هێزدەگۆڕن، بەڵکو کاریگەریان بەسەر سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی و پەیوەندی نێوان شارستانیەتەکانیشەوە هەبێت! ئەو شرۆڤە کردنە بەگوێرەی ژاپۆنیش هەر راستە، کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە کاریگەریەکی راستەخۆی لەسەر پێگەی وڵاتە یەکگرتوەکانی (ئەمریکا) لە باشوری رۆژهەلاتی ئاسیادا هەیە، بۆیە ئەو هێزە هەرێمیانە لە زۆربەی کاتدا ئەو بایەخ و سەنگەی هەیانە لەگەمە سیاسیەنێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکاندا، گەلێك لە قەبارەو تواناکانی خۆیان گەورەترە!.

(رووسیا- چین- هیندستان)، ئەو سێ هێزە جیهانیەن کە لە ئۆراسیدا دەتوانین لە رووی جیۆستراتیژیەوە بە تەواوکەری یەکتریان لە قەڵەم، هەرسێ وڵات بەیەکەوە رووبەرێکی ئێجگار گەورەی (ئۆراسیا) داگیردەکەن، ئەگەر کیشوەری ئاسیا دابەشی چوار بەش بکەین، باشووری ئاسیا، ناوەڕاستی ئاسیا، رۆژهەلاتی ئاسیا، رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەوا رۆڵی (هیندستان)و (چین) و (رووسیا) لەهەر یەکێك لەو ناوچانە، وەك رۆڵێکی نێوەندگیر یاخود دیاریکراو روون و ئاشکرایە، وایلێهاتووە کە (هیندستان)، چیترخۆی بە تەنیا لە باشوری ئاسیا نابینێتەوە. هەروەها قەڵەمڕەوی (چین) بە تەنیا لە رۆژهەلاتی ئاسیای گەوەدا کورت ناکرێتەوە. (رووسیا) ئارەزووی ئەوە دەکا کە پێ لەسەر بالاً دەستی خۆی لە (ئۆراسیا)و ئاسیای ناوەڕاست دابگرێ، هەروەها هەوڵەکانی (ئێران) وایکردووە کەبتوانێت وەك هێزێکی هەرێمی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست رۆڵی خۆی بگێڕێت، شان بە شانی پێگەکەی کە سەرچاوەیەکی گرنگی نەوت و گازە، کە ئەمە پەویەندیەکانی لەگەڵ هەریەك لە روسیاو (چین) و (هیندستان) ئاڵۆزتر دەکات، وەك توێژەرێك دەڵێت ئەگەر بتوانێت بۆ ماوەیەك پێشبینی سیستەمێکی ئاسایشی بکرێت "قبووڵی گۆڕانکاریەکان بکرێت بە بێ توندوتیژی" مرۆڤ دەتوانێت گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکات کە ئەنجامی دوارۆژی ئاسایش لە ئاسیا، دەکەوێتە سەرئەوەی کە (چین) هەڵیدەبژێرێت، بەوپێیەی کە لایەنیکی کاریگەرە ئەگەر (ئەمریکا) بتوانێت رازی بکات بۆ ئەوەی، بچێتە ناو ئەو سیستەمە فرەلایەنەی کە (ئەمریکا) سەرپەرشتی دەکات، یاخود بەو وەسفەی کە رکابەرێکی راستکەرەوەیە بزوێنەرێکی سەرەکیە بۆ سیستەمێکی ئاسیای کە تەوەرەکەی (چین) دەبێت، ئەو رێگاچارانەی کە (رووسیا)ش هەڵیاندەبژێرێت لەنێوان سیستەمێکی ئلسایشی کە پاڵپشتی بکرێت لە لایەن رۆژئاواوە یاخود سیستەمێکی ئۆراسی کە تەوەرەکەی (رووسیا) بێت هەمان دەرئەنجامی دەبێت لە (ئۆراسیا)، لەبەرئەوەی (هیندستان)یش وەك هێزێك دەکەوێتە باشووری ئاسیاوە، بایەخ بەسروشتی دەرئەنجامە ئاسایشیەکان دەدات لە ئاسیا، بەوجۆرە میکانیزمە هەرێمیەکان رۆڵێکی یەکلایی کەرەوە دەبینێت لە گەشەسەندنی سیستەمی ئاسایشی لە هەردوو ناوچەی ئاسیاو (ئۆراسیا)([٧١]).

(رووسیا) خۆی لەنێوان بەرداشی دوو زلهێزدا(ئەمریکا)و (چین) دەدۆزێتەوە، نزیك کەوتنەوەو دوور کەوتنەوە لەنێوان ئەو دوو هێزەدا، رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت و فاکتەرێکی گرنگە لە سیستەمی پەیوەنیە نێودەوڵەتیەکان لە دەیەکی سەرەتایی سەدەی بیست و یەکەم، بۆیە (رووسیا) وادەخوازێت کە رۆڵێکی فرە ئامانج ببینێت،

[٧١]- فیدیا نادکارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤.

بەتوندوتیژی مامەڵە لەگەڵ هیچ کامێك لەو هێزانە نەكات و هەوڵبدات سوود لە ناكۆكیەكانی نێوانیان وەربگرێت و كورسی (كەسی سێیەمی بەختەوەر) بۆ خۆی مسۆگەر بكات، كەمۆڵەتی رەتبوونی هەبێت بۆئەوەی سوودلەسەرچاوەكانی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو سەرمایەی ئازادو دەوڵەمەندترین بازاڕی جیهانی وەرگرێت، جا لەبەرئەوەی لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكانی (ئەمریكا) مێژوویەكی پڕ لە ململانێیان هەبووە، بۆیە بۆ (رووسیا)، لەلایەنی جوگرافی و ستراتیژیەوە ئاسانترو گرنگتربووە كە لە(چین) نزیك بێتەوە! دیارە (ئەمریكا)ش بەهیچ شێوەیەك نەیویستووە ئەو دوو زلهێزەی (ئۆراسیا) لەیەكتر نزیك ببنەوە و هەوڵیدەداخۆی لە هەریەكیەتیەك لەنێوان گەورەترین زلهێزی جیهانی لەرووی دانیشتوانەوە(چین) و روسیای خاوەن گەورەترین توانای ستراتیژی بەدوور بگرێت، نایەوێت هەرگیز دەست بەرداری پێگەو بنكەكانی خۆی بێت لەباشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، كە سەنتەری دوارۆژی بووژانەوەی جیهانیە([٧٢]). ئەوەی زیاتر (رووسیا)و (چین) لە یەكتر نزیك دەكاتەوە بەپلەی یەكەی پێگەی جیۆپۆلەتیكی و هەڕەشەكانی (ئەمریكا)و ئەورپایە بۆ سەر (ئۆراسیا).

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە (ئەمریكا) بۆ سەپاندنی هەژمونی خۆی لە باشووری ئاسیا خۆی لە (هیندستان) نزیك كردەوە، بەرامبەر ئەمەش (چین) هاوپەیمانیەتی لەگەڵ پاكستان گرێدا، ئەمە سەرباری ئەوەی كە (هیندستان)كێشەی سنووری لەگەڵ (چین)دا هەبوو، لە راستیدا (چین) ئەو ئەلقەیە كە (رووسیا)و (هیندستان)ی بە یەكتر دەبەستێتەوە. هاوكات (چین) بەرژەوەندیەكی ژیاری لەوەدا هەبوو كەپاكستان وەك گرێ كوێرەیەكی سەربازی بمێنێتەوە، بۆ بەرژەوەندیە ستراتیژیەكانی (هیندستان)، دامەزراندنی دام و دەزگای دەریایی (چین)ی لە پاكستان بە تەنیا بە ئامانجی چەسپاندنی جۆرێك لە ئامادەبوونی (چین)ی نەبوو لە ئۆقیانوسی (هیندستان)ی، بەڵكو ئاماژەیەكیش بۆ ئەوبایەخەی كە(چین) لەبوونی پاكستانێك هەیبووكە توانای مانەوەی هەبێت و پەیوەندیەكی (چینی-پاكستانی) تەندروست دابمەزرێت، لەگەڵ ئەوەشدا (چین) و (هیندستان)، لەدوای بەریەكەوتنە كورتەكەی ساڵی (١٩٦٢)، هەردوو لایان مكوڕ بوون لەسەرئەوەی كەخۆیان لە بەریەك كەوتنێكی تری سەربازی بەدووربگرن، لەگەڵ تێكەڵ بوونی (چین) لەگەڵ پاكستان و پەرتەوازەیی ناوخۆی پاكستان و ركابەری دەریاوانی (هیندستان)و(چین) لە ئۆقیانووسی (هیندستان)ی، پێگەی جیهانی هەردووكیان بەرزبووەوە، ئەمانە هەمووی بوونە سۆنگەی پێشبڕكێیەكی سەربازی مەترسیدار، تەنانەت لەمەش خراپتر بووە هۆی ناكۆكیەكی كرداری! بەڵام هەردوو لا دركیان بەوە كردو كە هیچ شەڕێكی بچووك ناتوانێت كێشەكانیان چارەسەر بكات، لەكاتێكدا هەر شەڕێكی گەورەش لەنێوان دوو هێزی گەورەی ئەتۆمی، دەیتوانی هەموو شتێك وێران بكات([٧٣]). بەڵام (چین) بەپاڵپشتیكردنێكی ئاشكراونهێنی پاكستان توانی لەرووی وشكانی ودەریاییەوە (هیندستان)ستان دابڕێت، سەرباری ئەمە  هەموو رێسا نێودەوڵەتیەكانی پێشێل كردو پاكستانی كرد بە دەوڵەتێكی خاوەن چەكی ئەتۆمی بۆ ئەوەی بەرامبەر (هیندستان)ی بوەستێنێت، لە پاڵ ئەمەدا (چین) كەوتە دروستكردنی لەنگرگە و راكێشانی بۆڕی نەوت و كردنەوەی رێگای ئۆتۆستراد، لەپاڵ هەموو ئەمانەش سریلانكا، كە لەرووی مەتریالیەوە پارچەیەكی براوەی بلۆكی (هیندستان)ی كیشوەری بوو، بە هاریكاری (چین)

---

[٧٢] - انتاتولی اوتكین، الاستراتیجیة الامریكیة للقرن الحادی ...، ص ٩٤.

[٧٣] - زبیغنیو بریجنسكی، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠٤.

توانی بەندەری (هامبنتۆلا) دروست بکات، ئەمانەهەمووی جێبەجێکردنێکی وردی(ستراتیژیەتی زنجیرە گەوهەرەکان) بوو بەمەبەستی ئابلۆوقەدانی (هیندستان)، لەرێگای ئۆقیانووسی (هیندی)یەوە([٧٤]).

رکابەرایەتی (چین)ی بەتایبەتی، بەگوێرەی رێرەوی پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان لە نێوبلۆکی ئاسیاو لە کۆی جیهانیش، دەرئەنجامێکی جیۆستراتیژی گرنگی هەبوو، ئەو لێکترازانەی لەنێوان (چین) و یەکێتی سۆڤیەت هاتە ئارا،بووە سۆنگەی ئەوەی (چین) هەژموونی (ئەمریکا)و ئیمپریالیستی سوسیالیستی رەتکردەوە، بەلاّم لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم، کاتێك (چین)یکان ویستیان پەیوەندیەکانیان لەگەڵ (ئەمریکا) ئاسایی بکەنەوە، وازیان لەرەخنەگرتن لەو ولاّتە هێناو بێدەنگیان هەڵبژارد! لەو ماوەیەدا (چین) و ولاّتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا)، هەوڵیاندا لە پشت یەکێتی سۆڤیەت وەرچەرخێنەوە، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کە لەجیاتی ئەو رێکەوتنامە دوو لایەنەی کەپێشتر لەنێوان (چین) و یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو، پەیوەندیەکی سێلایەنە(ئەمریکا-چین-پاکستان )بێتە ئارا!، دەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنانە وای لە (هیندستان)ستانێکی دیموکراتی کرد، لە ترسی تەوەری ئەمریکی-(چین)ی-پاکستانی، لە ساڵی (١٩٧١) هاوپەیمانیەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پێکبهێنێت، جێگای ئاماژە پێکردنەسەرکردە ئەمریکیەکان لە ماوەی شەڕی سارددا زیاتر رووباندەدایە پاکستان، بە تایبەتیش دوای ئەوەی (هیندستان)ی (بێلایەن)، شکستی هێنا لەوەی جێ پێیەکی واتاداری جیۆپۆلەتیکی، یاخود ئارام دژی یەکێتی سۆڤیەت لە باشوری ئاسیا بۆ (ئەمریکا) دابین بکات، رکابەریەتی (چینی-هیندی) و (هیندی-پاکستانی)، پاڵی بە (چین)ەوە نا، کە سوود لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ پاکستان وەربگرێت، بۆ ئەوەی (هیندستان) لە ناوچەی باشووری ئاسیا قەتیس بکات، ئەم دۆخە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا بە کۆتا هاتنی شەڕی سارد([٧٥]).

هەرچی دەربارەی پەیوەندیەکانی (هیندی-چینی)یە، شایەنی ئاماژە پێکردنە کەلەسەرەتای پەنجاکاندا جۆرە گرژیەکی تێکەوت، لە ساڵی(١٩٥٠-١٩٥١)، (چین) ناوچەی (تبیتی) داگیر کرد، کە ئەمە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی (هیندستان)ی – (چین)ی، لە ساڵی (١٩٥٧)، هێزەکانی (چین) سنوورەکانی (تیبت)یان بڕی، (هیندستان) درەنگ بەم کارەی زانی، لە ساڵی (١٩٥٨) شکاتی لە (چین)کرد، ئەو گرژیە بووە هۆی ئەوەی کە(چین) توانی زیاتر خۆی لەوناوچەیە بسەپێنێت، لە ساڵی (١٩٦٢)، شەڕێکی سنووری لەنێوان (هیندستان)وو (چین) دایساو (چین) تیایدا سەرکەوتوو بوو، ئەمە لە رووی دەروونیەوە هیندیەکانی بریندار کرد، بۆیە پەیوەندیە دیپلۆماتیکیە فەرمیەکانی لەگەڵ بینجین پچڕاند، هاوکات ئەم شکستە کاریگەریەکی چارەنوس ئامێزی لەسەر بیرکردنەوەی ستراتیژی (هیندستان)ستان هەبوو وای لەسەرکردەکانی کرد کە کاربکەن بۆ نوێکردنەوەی تواناکانی بەرگری ولاّتەکەیان، دوای ئەوەی (چین) لە ساڵی (١٩٦٤) تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی خۆی ئەنجامدا، ئەو رەوگەیە لای (هیندستان)یەکان یەهێزتر بوو([٧٦]). لە ساڵی (١٩٧٥)، (هیندستان) ناوچەی (سیکیم - Sikkim)داگیرکردو خستیە سەر یەکێتی ولاّتەکەی، ئەو ناوچەیە لە رۆژهەلاّتەوە دەکەوێتە سنووری (نیپاڵ) و لە باکووریشەوە سنووری (تیبت) و لە رۆژئاواشەوە سنووری (بۆتان)، گرتنی ناوچەی(سیکیك)

[٧٤] - زبیغنیو بریجنسکی، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠٥.

[٧٥] - فیدیا نادکارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٧.

[٧٦] – هەمان سەرچاوە، ص ٢٠٢.

كێشەیەكی تری بۆ پەیوەندیەكانی (چین)ی-(هیندستان)ی دروستكرد، بەلاَم دەبینین لە ساڵی(١٩٧٦)، (هیندستان) بڕیاریدا كە پەیوەندی دیپلۆماتیكی تەواو لەگەڵ (چین) ببەستێت، ئەو هەولاَنە كۆسپیان تێكەوت لەبەرئەوەی ساڵی (١٩٧٩)، (چین) پەلاماری ڤیتنامی دا، بەلاَم گفتوگۆكان تا ساڵی (١٩٨٨) بەردوام بوون، كە تیایدا هەشت كەرەت دانوستان ئەنجامدرا بە بێئەوەی بگەنە هیچ ڕێكەوتنێك سەبارەت بەسنوور لەو ساڵەدا پەوەندیەكان بەرەو باشی چوون كاتێك (راجیف گاندی) سەردانی (چین)ی كرد و هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كە مەسەلەی سنوور لە پەیوەندیەكانی تری نێوان ئەو دوو ولاَتە جیا بكەنەوە! كرانەوەی باشتر لەنێوان ئەو دوو ولاَتە لە ساڵی (٢٠٠٣) هاتە ئارا، كاتیك سەرۆك وەزیرانی (هیندستان) سەردانی (چین)ی كردو (چین)یەكان رازی بوون لەسەر ئەوەی كە دەرگای بازرگانی سنووری لەنێوان (تیبت) و (سیكیم) بكەنەوە، دوای ئەوە لە ساڵی (٢٠٠٥)، (چین) نەخشەیەكی نوێی بلاَوكردەوە، كەتیایدا ناوچەی (سیكیم) دەكەوتە ناو سنووری (هیندستان)ەوە، لەنیسانی (٢٠٠٥)لەنیودەلهی، پایتەختی (هیندستان) هاوبەشی ستراتیژی (هیندی-چینی) مۆركرا([٧٧]).

بەهەمان شێوەی (رووسیا)، حوكمی جیۆپۆلەتیك وای لە (هیندستان) دەكرد، خۆی ببینێتەوە، كەلەنێوان هەردوو زلهێز (چین) و ولاَتە یەكگرتووەكانی (ئەمریكا)دا ئاخنراوەو پێویستە پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بكات، هەر یەك لە ولاَتە یەكگرتووەكان و (چین) دەیانویست (هیندستان) رابكێشنە ناو بازنەی خۆیانەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی كە(هیندستان)، لەرێگایدایە كە لەماوەی چەند دەیەكێكی تر لە داهاتوودا، لەدوای (چین) ببێتە زلهێزی سێیەم! لەلایەكی تر ولاَتە یەكگرتوەكان بەبەژن و بالاَی (هیندستان)یدا هەڵدەگوت و سەرنجی بۆ ئەوە رادەكێشا كە بیكاتە سەنگی هاوسەنگیەكی هێز لەگەڵ (چین)، سەرۆكی (ئەمریكا) بۆبەشداریكردنی (هیندستان) لە تەكنەلۆژیای ئەتۆمی و سوتەمەنی ئەتۆمی سەردانی (هیندستان)ستانی كرد، (ئەمریكا) بەهیوای ئەوە بوو كە دەنگی (هیندستان) بكاتە دەنگێكی جیهانی، بەلاَم (هیندستان) مكوڕبوو كە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و لە پەیوەندی ئالۆزی (ئەمریكا) و (چین) تێوە نەگلێت، بە پێچەوانەوە (هیندستان) هەوڵیدا كە پەیوەندیە هریكاریەكانی لەگەڵ (چین) لە چەند بەرەیەكەوە بپارێزێت([٧٨]). لە ٢٥ ئازاری ساڵی (٢٠٠٥)، دوای ئەوەی وەزیری دەرەوەی (ئەمریكا)، (كوندالیزا رایس) سەردانی (هیندستان)ی كرد، وتەبێژی ئەو وەزارەتەكە رایگەیاند كە سەرۆك (بۆش) و وەزیر (رایس) "بەشێوەیەكی یەكلایی كەرەوە هێڵە پانەكانی رێكەوتنامەیەكی ستراتیژی بەرفراوانیان دانا" لەنێوان (هیندستان) و ولاَتە یەكگرتووەكانی (ئەمریكا) بە ئامانجی ئەوەی "یارمەتی (هیندستان) بدەن بۆئەوەی لە سەدەی بیست و یەكەمدا ببێتە هێزێكی جیهانی"هەروەها ئەو وتەبێژە رایگەیاند"ئێمە، (ولاَتە یەكگرتووەكانی (ئەمریكا) لەو شوێنەوارانە تێدەگەین كە لەو بەیاننامەیە دەكەوێتەوە، لەناویشیاندا شوێنەوارە سەربازیەكانی"([٧٩]). بەرامبەر ئەوە لەمانگی نیسانی هەمان ساڵدا سەرۆكی ئەنجومەنی (چین) سەردانی (هیندستان)كرد، ئەو سەردانە چوار رۆژی خایاند، لەگەڵ (مانموهان سینگ)

---

[٧٧]- فیدیا نادكارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ص ٢٠٣-٢٠٤.

[٧٨]-روبین میریدث، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧٠.

[٧٩] -Joint Statement of the Republic of India and the People's Rpublic of China :April ١١, ٢٠٠٥: http://www.mea.gov.in/bilateraldocuments.htm?dtl/٦٥٧٧/Joint+Statement+of+the+Republic+of+India+and+the+Peoples+Republic+of+China

سەرۆك وەزیرانی ئەو ولاتە، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان واژۆکرد، هەردوو لایان لەسەر ئەوە رێکەوتن، کە پەیوەندیە دوو لایەنەکەیان "مۆرکێکی جیهانی و ستراتیژی وەرگرتووە" و بۆتە بنەمایەك بۆ هاوبەشیەکی ستراتیژی و هاریکاریکردن لە پێناو ئاشتی و خۆشگوزەرانی لەنێوان هەردوو ولاتدا، بەیاننامەکە ئەوەی دوپاتکردەوە کە هەردوو لایان بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە ئەو بابەتانەی کێشەیان لەسەرە جیابکەنەوە ولەپەیوەندیەکی گشتگیر لەسەربنەمای ئاسایش و گەشەپێدان و پێشکەوتن، بەشێوەیەکی دوو لایەنەو هاوسەنگ"پەیوەندیەکانیان بەرەو پێش بەرن، هەروەها هەردوو لا "داوای بەرەنگاربوونەوەیەکی هاوبەشانەیان کرد بۆ رکابەریەتی و هەڕەشە جیهانیەکان" لە لایەنی سیاسیەوە هەردوو لا پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە کۆبوونەوەکان لەنێوان هەردوولاداو لەسەر هەموو ئاستەکان بەردەوام بێت، هاوکات بەیاننامەکە جەختی لەسەر لایەنی ئابوری کردەوە بەوپێیەی کە "رەهەندێکی گرنگە" لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی (هیندی-چینی)، هاوکات ئامانجێکیان بۆ ئالوویری بازرگانی دیاریکرد، بە شێوەیەك کە لەسالی (٢٠٠٨)، بگاتە بای ٢٠ ملیار دۆلار، لەبواری پەیوەندیە هەرێمیەتی و نێودەولەتیەکانەوە دانیان بەوەدا نا کە پێویستە هەردوو لا رۆلێکی گرنگ لە چەسپاندنی سیستەمی سیاسی و ئابوری لەسەدەی بیست و یەکەم دا ببینن، ئارەزووی خۆیان لە پالپشتیکردنی بەدیموکراتیزەکردنی پەیوەندیەنێودەولەتیەکان و کارکردن لەسەردامەزراندنی  سیستەمێکی نێودەولەتی بە"ویژدان و ئەقلمەندانەو یەکسان و سوودمەند بۆ هەموو لایەك"دەربڕی، دەربارەی تیرۆرەوە لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو کە مەسەلەی تیرۆر مەسەلەیەکی جیهانیەو بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنرێت([٨٠]).

دیارە لەگەل پەیوەست بوونی (هیندستان)و (چین) بە ئابوری گۆی زەوی، سێ مەسەلەی گەورە دێتە پێشەوە: سەرەتا لەگەل هاتنەناوەوی هەردوو زلهێز بۆ ناوشۆڕشی پیشەسازی، ئارەزووی بەدەستهێنانی سەرچاوەی سروشتی زیاتر دەکەن و داواکاریەکانیان زۆر بەخێرایی زیاد دەبێت. دیارە کە خواستی نوێ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی جیهانی، تێبینی ئەوەش دەکرێت کە تێنوێتی گەشەکردوویان بۆ نەوت، سەرباری هێزی ئابوری نوێ، دەبێتە هۆی هێنانە ئارای گۆڕانکاری لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتی سیاسی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان، لە پال ئەمەشدا ئەو دوو دەولەتە دەولەمەند تربووینە و تەکنەلۆژیای نوێیان هەیە، بۆیە ئەوان بەخێرایی کار بۆ نوێکردنەوەی هێزی سەربازیان دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هێنانە ئارای گۆڕانکاری کاریگەر لە بواری جیۆپۆلەتیك، بەشێوەیەك کە جیهان لە دوای شەڕی ساردەوە بە خۆیەوەی نەبینیوە، لە کۆتایشدابەهۆی پێشکەوتنی گەورەی پیشەسازیەوە، ژینگەی هەردوو ولاتی (هیندستان- چین)، دووچاری پیس بوونێکی کارەسات ئامێز دەبێت، وەك دەرئەنجامێکیش کاریگەری خراپی لەسەر ژینگەی هەموو جیهان دەبێت([٨١]).

ئاشکرایە کە سیستەمی سیاسی لە (هیندستان) زیاتر پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت  رووبەرووی ئالۆزی و گرژی ببێتەوە ببێتەوە، کەلەوانەیە بگاتە ئەگەری دارمان، توێژەرو دیپلۆماتکاران وایدەبینن کە پێبشینیکردنی دوارۆژی (هیندستان) ئاسانترە لە (چین)، پرسیاری بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا(هیندستان) توانای ئەوەی هەیە لەسەرئەوچاکسازییە بەردەوام بێت کە گرتویەتیەبەر یاخود نا؟! ئەگەر ئابوری ئەو ولاتە شکستی هێناو نەیتوانی سوود لەو گۆڕانکاریانە وەربگرێت، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان باری زیاتر گران دەکات و ژمارەیەکی

[٨٠] -Joint Statement of the Republic of India and the People's Rpublic of China:ibid.

[٨١] - روبین میریدث، هەمان سەرچاوە، ص ٢٤٧.

زۆرتر لە تەمەنی کارکردن دێتەبەرهەم، کەواتە نەوەیەکی تر لە(هیندستان) هەژاری چاوەڕوانی دەکات، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هاوراییەك هەیە کە (هیندستان)،وەکو فیل بە هەنگاوی گران و لەسەرخۆ، لەسەرێگای گەشەسەندنی ئابوری بەردەوام دەبێت([٨٢]).

ئەوسێ هێزەی (ئۆراسیا) لەهەموو رووێکەوە لە قۆناغی بوژانەوەو هەڵسانەوەدان، دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت ماوەیەکرۆڵی (رووسیا) لەسەرگۆڕەپانی نێودەوڵەتی لاوازبووا، بەلاّم (رووسیا) لەرووی ئابوری و سەربازی و تەنانەت تەکنەلۆژیشەوە، زوو خۆی گرتەوەوخەریکە دەبێتەوە ئیمپراتۆریایەکی گەورە هەڕەشە لە هەژموون و بالاّدەستی (ئەمریکا)و ئەوروپا دەکات! (چین) بۆتە زلهێزێکی ئابوری خەریکە شمەکەکانی (چین) هەموو بازاڕەکانی جیهان داگیردەکات، بە بازاڕەکانی (ئەمریکا)وئەوروپاشەوە، (هیندستان)ستان هەرچەندە هەندێك کێشەی هەرێمی هەیە بەتایبەتیش لەگەڵ پاکستان، بەلاّم ئەویش پیشەسازیەکانی لەگەشەسەندندا بە بەردەوامی بەدوای سەرچاوەکانی وزەو بازاڕدا دەگەڕێت، ئەمە سەرباری ئەوەی لە رووی سەربازیەوە ئەو سێ هێزە(رووسیا-چین-هیندستان) هێزی ئەتۆمین!، ئەوەی ئەو هێزانە بەیەکەوە کۆدەکاتە، لایەنی سەربازی جوگرافی و ئابوری،هاوکات مەترسی و هەڕەشە راستەوخۆوناراستەوخۆکانی (ئەمریکا)و ئەوروپایە، بۆیە دەبینین لەدوای رووخانی بلۆکی رۆژهەلاّتەوە، (رووسیا) هەوڵدەدات لەو هێزانە نزیك بێتەوەو وەکو هێزێ:ی هاوسەنگیکار و هەموارکەرەوەسوودیان لێوەربگرێت، بێگومان ئەو ئامانجە بۆ هەردوو ولاّتەکەی تریش راستە، بۆیە دەبینین لە ساڵی (١٩٩٣)، (روسیا)و (هیندستان) هەوڵیاندا پەیوەندیەکان، کە بۆماوەیەك پشتگوێ خرابوو، نوێ بکەنەوە، ئەو پەیوەندیە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم پێگەیشت و زیاتر پتەو بوو، کۆبوونەوەی لوتکەی (هیندی-رووسی) لەساڵی (١٩٩٧)، رێکەوتنامەی کارکردن لە پێناوستراتیژیەتێکی هاوبەشی لێکەوتەوە، کە رێگای بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندیە دوولایەنیەکەیان خۆشکرد، لەنزیك کردنەوەی بۆچوونەکانیان بەرامبەر دۆزە هەرێمی و جیهانیەکان، سەرۆك وەزیرانی (هیندستان)، (ئیك. دی. دیڤی گودا-H. D. Deve Gowda)، ئەو رێکەوتنامەی وا پێناسە کرد کە"چوارچێوەی چەمکەکانی بەیەکەوە کارکردنە لە پێناو بەرژەوەندی دوو لایەنە" لە رێگای هاریکاریکردن لە بوارەکانی بەرگری و بازرگانی و زانست و تەکنەلۆژیاو رۆشنبیری و کشتوکاڵ، (گودا) هەوڵیدا خۆی لەوەبدزێتەوە کەولاّتەکەی بەرژەوەندی لەوەدابێت، کار لە پێناو پەیوەندیەکی سێلایەنە لەگەڵ (رووسیا)و (چین) بکات، بە شێوەیەك کەدژی هیچ ولاّتێکی تر ئاراستە بکرێت، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هاوکات بوونی سەردانی وەزیری دەرەوەی (چین) لەگەڵ ئەو رێکەوتنامەیە تەنیا رێکەوت بووە!([٨٣]). شایەنی گوتنە کە لەکاتی بەستنی ئەو لوتکەیە وەزیری دەرەوەی (چین)یش لە (رووسیا)بوو، بۆیە ئەم هەولاّنەی سەرۆك وەزیرانی (هیندستان) نەیتوانی راستیەکان بشارێتەوە کەهەر سێلایان کاریان لەسەر هاوبەندیەکی سێلایەنە دەکرد!.

لە راسیتدا ساڵی (١٩٩٨)، ساڵی وەرچەخانێکی گرنگ بوو لە پەیوەندیەکانی (رووسی-هیندی) دوای شەڕی سارد، زۆر هۆکاریش هەبوو کە یارمەتی ژیانەوەی پەوەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو ولاّتە بدات، لەوانە:

---

[٨٢] - هەمان سەرچاوە، ص ٢٣٩.

[٨٣] - فیدیا نادکارنی، سەرچاوەی پێشوو، ص ص ١٥٤-١٥٥.

١-دڵەراوکێی هاوبەشی هەردوو لایان لەئەگەری ئەوەی کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە (ئەفغانستان) روویدەدا، کۆسپ بۆ سەقامگیری سیاسی لە (هیندستان) و (رووسیا)و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست دروست بکات.

٢- (رووسیا) ئارامگری بەرامبەر پاکستان بەکۆتاهاتبوو، کە یارمەتی جولانەوەی (تالیبان) و گرووپە توند رەوەکانی تری دەدا لەسەر سنوورەکانی (هیندستان)، دواتر مۆسکۆ (هیندستان)ی دڵنیاکردەوە، کە چەك نافرۆشێتە (پاکستان) و یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ (پاکستان) لەسەر بنەمای رێکەوتنامەی (سمیلا١٩٧٢) ئاسایی بکەنەوە، کە رێگەی نەدەدا لایەنی سێیەم بچێتە ناو ناکۆکیەکانی (پاکستان و هیندستان).

٣- دوای ئەوەی لە نیسانی (١٩٩٨)، کاتێك (هیندستان) تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی خۆی ئەنجامدا، (رووسیا) ئامادەنەبوو سزای ئابووری بەسەردا بسەپێنێت و رایگەیاند کە بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی ئەتۆمی ئەو وڵاتە!

٤- (رووسیا) دانی نا بەگرێبەستەکانی چەکدارکردنی (هیندستان)، بۆ ئەوەی پیشەسازی چەکی (رووسیا) ببوژێتەوە، ئەمە جگە لەبەرژەوەندی و روانگەی هەردوو لایان بەرامبەر مەسەلە نێودەوڵەتیەکان([٨٤]).

لە ساڵی (١٩٩٩)بایەخی (هیندستان)، بووە سۆنگەی ئەوەی کە سەرۆکی (رووسیا)، (بریماکوف) بانگەوازی دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی کرد لەنێوان (رووسیا- چین- هیندستان) دژی هێرشەکانی هاوپەیمانیەتی باکووری ئەتڵەسی لە (سربیستینا)، کەدژی موسڵمانەکانی (ئەلبانیا)کاری هۆڤیانەیان ئەنجام دەدا، لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠٠)، سەرۆکی (رووسیا)، (ڤلادیمێرپۆتین) سەردانی هیندستانی کرد بۆئەوەی هاوبەشیەتیەکی(الشراکە الاستراتیجیە) ستراتیژی سنووردار لەنێوان هەردوو وڵاتدا دامەزرێنن([٨٥]). دوای هێرشەکانی ١١ سپتمبری (٢٠٠١) و پێداگرتنی وڵاتە یەکگرتووەکانی (ئەمریکا) لەسەر (ئەفغانستان) و ناساندنی وەك پەناگەیەکی ئارام بۆ تیرۆریستان، لەرێگای بزووتنەوەی تالیبانەوە و هاوکات پاڵپشتیکردنی ئاژانسی هەواڵگری پاکستانی(ISI)، (رووسیا)و (هیندستان)خستە دڵەراوکێوە، هەرچەندە (رووسیا) هاوسۆزی خۆی بۆ (ئەمریکا) دەبڕی و لایەنگری شەڕی دژی تیرۆری کرد، حکومەتی (هیندستان)نیش وازی لە گومانەکانی خۆی هێنا بەرامبەر (ئەمریکا)، کە ماوەی چەند دەیەکێك بوو بەردەوام بوو، پێشوازی لە جێپێیەکی ستراتیژی بۆ (ئەمریکا) کرد لە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست و هەردوو وڵاتی وەك دوو (هاوپەیمانی سروشتی ) وەسفکردا، هەر لەو بارەیەوە سەرۆك وەزیرانی (هیندستان)، (ڤاجبای) و سەرۆکی (رووسیا)، (پوتین)، لە کۆبوونەوەی دووەمی ساڵانە نێوان ئەو دوو وڵاتە لە مۆسکۆ، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکردو پێیان لەسەر هەڵوێستە هاوبەشەکانی هەردوو حکومەت داگرت، دەربارەی ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی، لەمەش گرنگتر هەردوو وڵات راگەیەنراوی (مۆسکۆ)یان دەربارەی تیرۆری نێودەوڵەتی واژۆکرد، بە زمانێکی توند بەرگریان لە سەروەرێتی و سەلامەتی هەرێمایەتی کرد، راگەیاندنەکە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە"لەوڵاتی دیموکراسی و فرە رەگەز، وەکو (هیندستان) و (رووسیا)، هەر کردارێکی توندوتیژی کە لەژێر دروشمی ماڤی چارەی خۆنووسین ئەنجامدەدرێت، لە راستیدا، کاری تیرۆریستیەو زۆربەی جار پەیوەندیەکی بەهێزی بە دەوڵەتانەوە هەیە"هەروەها لەو راگەیاندنەی مۆسکۆ داهاتبوو

[٨٤]- هەمان سەرچاوە ، ص ١٥٧.

[٨٥] - T.V. Paul, James J. Wirtz, ibid :p:٣٢٣.

کەواهەردوو وڵات"بە چڕی چاودێری گەشەسەندنی دۆخەکە لە (ئەفغانستان) و دەوروبەری دەکەن و پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زۆر پێویستە خۆیان لە درێژبوونەوەی ململانێیەکە لە سنووری یەك ناوچە بە دووربگرن، بۆئەوەی تیرۆر زیاتر بڵاونەبێتەوە"(٨٦).

نەبوونی سنوورێکی هاوبەش لەنێوان (رووسیا)و (هیندستان)، بۆتە هۆی ئەوەی کە مێژوویەکی بێ ململانێیان هەبێت، سەرباری ئەمەش، لەکاتێکدا (رووسیا) پێشدەکەوێت و (هیندستان)یش کەمتر لەو، هەوڵدەدەن پەیوەندیەکی دۆستانە لەگەڵ (چین) ببەستن لە پێناو هێنانەدی ئامانجی ئابوری و ئاسایشی هاوبەش، پەیوەندی دوولایەنە لەنێوانیان هەردوولایان دەپارێزێت لەهەر گەڕانە دواوەوەیەکی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ (چین)، کە هێزێکی جیهانیەو سەرباری هاوبەشیکردنی سنووری لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە مێژوویێکی رکابەریشیان هەیە، سەقامگیری (هیندستان) ئێجگار گرنگە بۆ سیاسەتی (رووسیا) لە ئاسیا، هەروەها پاڵپشتیکردنی (رووسیا)ش مەرجێکی گرنگە بۆ (هیندستان)، کەهەرگیز ناتوانێت دەست بەرداری بێت، لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی لە دەستکەوتنی وزە لە ئاسیای ناوەڕاست، وەك دیپلۆماتکارێك ئاماژەی بۆ کرد:"(هیندستان) دەیەوێت جێ پێیەکی لەئاسیای ناوەڕاستی دەوڵەمەند بەسەرچاوەکانی وزە بکاتەوە، بە بێ پشتگیرە (رووسیا)ش ئەمەی بۆ ناچێتەسەر، ئەگەر (هیندستان) بیەوێت ببێتە لایەنێکی کاریگەر لە رێکخراوی هاریکاری شەنگەهای، چاکی ئەمە بۆ یارمەتیدانی (رووسیا) دەگەڕێتەوە، دیارە کە لە ئایندەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەرژەوەندیەکانی (هیندستان)لە بواری وزەوە بەتوندی (رووسیا) دەبەسترێتەوە.

لەنێو هەمووئەو پێشکەوتنانەدا، (هیندستان) دەبێتە یەکێك لە ئەستوندەکانی سیستەمی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەم، بەهۆی پێگەی جوگرافی و دەوڵەمەندی بەکەرەستەی خاوو و هێزی کەلتووری هەبوونی سەرکردایەتیکردنێکی دانا، پاشان ئاستەنگە بتوانێت دەست بەرداری ئەو پێگەیە بێت، کەلە رەوتی پێشکەوتنی ستراتیژی و ئایدۆلۆژی ناوچەکە و گۆڕان چەمکەکانی سیستەم کە کەوتۆتە قۆناغێکی هەستیارەوە هاتۆتە ئاراوەو خۆی بە شایەنی دەزانێت(٨٧). وەك یەکێك لە راوێژکارەکانی کۆمپانیایەکی هیندی دەڵێت:"(چین) بۆتە کارگەی جیهان، (هیندستان) دەتوانێت ببێتە سەنتەری مەعریفەی ئەوناوچەیە، ئەگەر هەردووکمان بەیەکەوە کۆکردەوە، ئەمە دەبێتە سەرچاوەی هێزێکی پاڵپشتی گەورە"(٨٨).

زانایانی ئابوری پێشبینی ئەوە دەکەن کەوا (هیندستان) لە ساڵی (٢٠٣٠)، لەرووی ئابوریەوە ژاپۆن تێدەپەڕێنێت و لەدوای (ئەمریکا) و (چین) دەبێتە سێیەمین گەورەترین هێزی ئابوری لە جیهاندا، بە هاتنی ساڵی (٢٠٣٠)، (هیندستان) دەبێتە خاوەنی گەورەترین هێزی کارکردن لە جیهاندا، لەبەرئەوەی ٦٨٪ دانیشتوانەکەی لەتەمەنی کارکردن دەبێت، دیارە ئەمەش رێژەیەکی گەورەیە بەرامبەر خانەنشینان و منداڵان و ئەوانەی کە پشت بەداهاتی ئەو کەسانە دەبەستن کە کاردەکەن، لە ساڵی (٢٠٣٠)، ٩٨٦ ملوێن کەسی ئەو وڵاتە لە تەمەنی کارکردن دەبن، زانایانی نیشتەجێکردن ئەو قۆناغە ناودەنێن بە (قۆناغی داهاتی دانیشتوانی demographic dividend phase)، ئەمەش لەرووی دانیشتوانەوە قۆناغێکی باشەو وا دەکات ئابوری ئەو وڵاتە بەخێرایی

---

٨٦- فیدیا نادکارنی، هەمان سەرچاوە، ص ص ١٦٢-١٦٣.

٨٧- هنری کیسنجر، النظام العالمي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٦.

٨٨- روبین میریدث، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٩.

گەشە بکات، لەبەرئەوەی ئەو هێزە زەبەلاحە چالاکە لەرووی ئابوریەوە، ئارەزووی ئەوە دەکات کە رێژەی پاشەکەوت و ئاستی وەبەرهێنان بەرزبکاتەوە، کە داهاتێکی زیاتری بۆ دەرەخسێت بۆ خەرجکردنی لە شمەکی بەکاربردن، ئەو زانایانە دەڵێن ئەگەر هەموو شتێك وەکو ئێستا بمێنێتەوە، کاتێك کە ولاتێك گەورەترین ژمارەی دەستی کارکەری دەبێت، بێگومان ئابوریەکەی دەبوژێتەوە، وەك چۆن ئابوری (ئەمریکا) دوای هاتنە ناوەوەی لە دایك بووانی قۆناغی بوژانەوە(baby boomers)هێزی کرێکاری بوژایەوە([89]). راستە (هیندستان) بە بنەما لەسەر فەلسەفەی گاندی و هەڵبژاردنی فەلسەفەی ناتوندوتیژی سیاسەتی خۆی بنیات دەنێت، بەڵام لەبواری ستراتیژیدا لە پێناو بەرگریکردن لە خۆیدا ئەگەر بخوازێت ناچار دەبێت پەنا بۆشەڕ ببات، هاوکات دەبێت ئەوە بزانین کە تەنیا یەك لایەن بە تەنیا ناتوانێت بڕیار لەسەرچۆنیەتی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بدا، بەڵکو ئەوە کۆی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتیەیە، کە بەرژەوەندیەکان رێکیدەخات و لەدواجاریشدا دەوڵەتان بێ ویستی خۆیان لەهەندێك جاردا ناچار دەبن بخرێنە ناوگەمەیەکی سیاسیەوە، هەتا ئەگەر ئەو گەمە سیاسیە بەشێك بێت لە پەیوەندیەکی نێگەتیڤانەی نێودەوڵەتی و چوونە ناو شەڕەوە.

لەماوەی شەڕی ساردا رۆژئاواییەکان پێیان وابوو (هیندستان) دەتوانێت هاوسەنگی هێزبێنێتە دی بۆ (ئەمریکا)، لەکاتێ ئێستادا لەو بڕوایەدا کە (چین) هەڕەشەی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی (ئەمریکا) لە (هیندستان) زیاترە!، هەندێك پێیان وایە کە (هیندستان) لەکاتی ئێستادا خەریکی رێکخستنی هاوسەنگیەکانی ناوخۆیە، دژی هەڕەشە ناوخۆییەکان. بۆیە هەوڵدەدات کە ولاتە یەکگرتووەکان رازی بکات! تاکە رێگەچارەی (هیندستان) تەرخانکردنی وزەکانیەتی بۆ بنیاتنانی توانا ئابوریە ناوخۆییەکانی، تاماوەیەکی تر هەست بەوە نەکات کە کامیان هەڕەشەیان بۆ ئەو زیاترە (ئەمریکا) یاخود (چین)([90]).

[89]- هەمان سەرچاوە، ص ٥٩.

[90]-T.V. Paul, James J. Wirtz, ibid: p: ٩٧.

## سەرئەنجام

(ئۆراسیا) گەورەترین کیشوەرە لە جیهان، لە بواری جیۆپۆلەتیکیدا پێگەیەکی ئێجگار گرنگی هەیە، هیچ هێزێك بەبێ کۆنترۆڵکردنی، یاخود سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر (ئۆراسیا) ناتوانێت هەژموونی جیهانی خۆی بسەپێنێت، هەر شارستانیەتێکیش بەبێ ئەو ناوچەیە ناتوانێت ببێتە شارستانیەتێکی جیهانی سەرانگیر، لەبەرئەوەی ئەو ناوچەیە سەرباری ئەوەی بنەمای زۆربەی شارستانیەتەکانی ئەمڕۆی جیهانە، کۆمەڵێك کەلتوورو شارستانیەتی جیاوازی تیادایە کە بەرگری لەمانەوەی خۆیان دەکەن و کۆنترۆڵکردنیان کارێکی ئاسان نیە! بۆیە بەرامبەر شەپۆلی سەپاندنی هەژموونی ئەوروپاو(ئەمریکا)، هێزەکانی ئەوناوچەیەش لەقۆناغی گەشەسەندن و بووژانەوەدان و نەك بە تەنیا دەیانەوێت خۆیان بپارێزن، بەڵکو دەیانەوێت نمونەی خۆیان بکەنە ئەلتەرناتیڤێکیش بۆ نمونەی شارستانیەتی رۆژئاوا. هەندێك پێیان وایە کە ئەو رووداوانەی ئەمڕۆ روودەدەن، رووداوی قۆناغی گوێزرانەوەن و شەڕەکانی کەنداو ئەفغانستان، تەنیا ئامادەکردنی بنکەیەك بووە بۆململانێکان، یاخود بە چەمکە سەربازیەکەی ئامادەکردنی مەیدانی شەڕ، چونکە ئەوناوچانە دەروازەی سەرەکین بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی قەزوین وئاسیای ناوەڕاست! کە ئەمە بەشێوەیەك لەشێوەکان واتای قۆڵبەستکردنی (رووسیا)یە، بۆیە دەبینین ئێستا (رووسیا) بۆتە ئەو یاریزانەی کە بەرەی سەرەکی لە رووبەڕووبوونەوەی سەپاندنی هەژموونی (ئەمریکا) لە (ئۆراسیا) گرتووە! دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و بالأدەست بوونی ئەمریکیەکان، (رووسیا) ماوەیەك بە سستی مایەوە، (ئەمریکا) ویستی سوود لەو دەرفەتە وەرگرێت و بەخێرایی تەواوی (ئۆراسیا) کۆنترۆڵ بکات، بەلأم نەیویست راستەوخۆ لە سنوورەکانی (رووسیا) نزیك بێتەوە، بۆ هێنانەدی ئەو ستراتیژیەتە سێ دەوڵەتی هەڵبژارد(ئۆکرایناو ئازەربایجان و کازاخستان)، بەمەش لە سێ لایەنی گرنگەوە دەروازەکانی دەرەوەی بەرووی (رووسیا) دادەخست، ناوچەی باڵکان و قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست! وەك سەرەرمێکیش کاری لەسەر ئەوە کرد کە هێزەکانی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ) بەکاربێنێت!

(رووسیا)بەتوندی رووبەرووی هەر هەنگاوێکی (ئەمریکا)بووەتەوە، قۆناغێکی نوێ لە ململانێی (رووسیا)و رۆژئاوا، بەتایبەتیش (ئەمریکا)دەستپێکردۆتە. دیارە لەپاڵ (رووسیا)ش (چین) وەك زلهێزێکی گەورەی ئاسیایی کەوتە هەڵساوەتەوەوکەوتۆتە قۆناغی بووژانەوە، هەڕەشەکانی ئەوروپاو (ئەمریکا) تا رادەیەکی باش بەرژەوەندیەکانی ئەودوو زلهێزەی لەیەکتر نزیك کردەوە. (چین) لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەورەترین ژمارەی دانیشتوان و (رووسیا)ش گەورەترین پانتایی جوگرافی هەیە، هاوکات هەردووکیان هێزی ئەتۆمین، لەیەکترنزیك بوونەوەی ئەوانە سەپاندنی هەژموونی (ئەمریکا) (ئۆراسیا) دەکاتە خەون، بۆیە هەموو رێگایەك دەگرێتە بۆ ئەوەی ئەو لەیەکتر نزیك بوونەوەیە نەگاتە ئەنجام. (رووسیا) خۆی لەنێوان بەرداشی دوو زلهێزدا(چین-ئەمریکا)دەدۆزیەوە، راستە رووسەکان هەندێك دڵەراوکێیان بەرامبەر بەهێزبوونی (چین) هەیە، ئەوان نەیانەوێت (چین) لە قەزوین و ئاسیای ناوەڕاست، واتە لە سنوورەکانی باشووری ئەو نزیك بێتەوە، چونکە نزیك بوونەوەی ئەژدیهای (چین)ی مەترسیەکی گەورەی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی (رووسیا) دروست دەکرد، هاوکات لەسنووری باکووری رۆژهەلأتیشیانەوە، واتە لەوناوچەی کە هەردوو دەوڵەت سنووری هاوبەشیان هەیە، (رووسیا) دەترسا شەپۆلی کۆچی (چین)یەکان بۆ ئەو ناوچانە لەکۆتایدا ببێتە هۆی ئەوەی ئەو ناوچانە لەدەست بدات! بەلأم لە هەموو حاڵەتەکاندا دەستکەوتەکانی لەیەکتر نزیك بوونەوەی لەگەڵ (چین) لە

مەترسیەکانی زۆر زیاتر بوو، هاوکات لایەنگری زۆریشی هەبوو لە هەردوو ولأتدا، پێیان وابوو کە پێویستە ئەو دوو دەوڵەتە ئاسیایی و ئۆراسیە لە رووبەڕووبوونەوەی هەژموونی رۆژئاوا یارمەتی یەکتر بدەن، واتە گیانێکی ئاسیایی هانی دەدان بۆ هاوپەیمانیەتی، بۆیە هاوپەیمانیەتی (رووسی-چین)ی ئەگەر نەشتوانێت بەخێرایی بەرەو پێشەوە بچێت لەبەر ئەو وریاییە زیاد لەپێویستەی (چین) هەیەتی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیدا، پێناچێت کە لەماوەیەکی نزیکدا درزی تێبکەوێت!

لەپاڵ ئەم دوو زلهێزەدا، هێزێکی تری ئاسیایش(هیندستان) لەگەشەسەندندایە، ئەمریکیەکان دەیانەوێت یارمەتی (هیندستان) بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی جیهانی، تاوەکو لە ئاسیا وەکو هێزێکی هاوسەنگیکار بەرامبەر (چین) و (رووسیا) سوودی لێوەرگرن، بە تایبەتیش بەرامبەر(چین)، (رووسیا)ش بەهەمان شێوە دەیەوێت (هیندستان) زیاتر بەرەو ناوەوە رابکێشێت، سیکوچکەی (رووسی-هیندی-چینی)، دەتوانێت چارەنووسی (ئۆراسیا) لەبەرژەوەندی زلهێزە ئاسیایی و ئۆراسیەکان یەکلایی بکاتەوە. ئاڕاستەی رووداوەکان بەرەو ئەوە دەڕوات کە لەدواجاردا یەکیەتیەکی ئۆراسی لە دایك ببێت، (رووسیا-چین- هیندستان)، بەتایبەتیش (چین) و(رووسیا)، سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی و ستراتیژی و مێژوویی وئابوری وکۆمەلأیەتی و کۆسپی گەورەیان هەیە! رۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی ئەو یەکیەتیەدا دەبینن، لەدواجاردا بەهۆی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی، کە لە دەرەوەی (ئۆراسیا)وە دەکرێتە سەریان لەیەکتر نزیك دەبنەوەو هەژموونی خۆیان بەسەر (ئۆراسیا) دەسەپێنن، پەیوەندیەنێودەوڵەتیەکان لەسەر بنەمای هاوسەنگیەکی هێزی نوێ دادەڕێژرێتەوە، بەلأم رەنگ بێت هەژموون و بالأ دەستی ئەو زلهێزە ئاسیایی و (ئۆراسیا)نە، هەمان شێوەی هەژموونی ئەوروپی و ئەمریکیەکان نەبێت، کە هەوڵیاندا جیهان لەناوخۆیان دابەش بکەن و رکابەرەکانیان وکۆمەڵگا لاوازەکانیش بێبەزەییانە بپلیشێننەوە! لەبەرئەوەی هەژموونی ئەو زلهێزە ئاسیاییانە، لەسەردەمێك و قۆناغێکی جیاوازتردا دەبێت.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەهەموو ئاستەکاندا پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەتیش لە بواری تەکتنەلۆژیاو گەیاندن و چەکی وێرانکەردا، ئەمە وادەکات هەر رووبەڕووبوونەوەیەك لەنێوان ئەو زلهێزانەو رۆژئاوادا، بەهیچ شێوەیەك لە رووبەڕووبونەوەکانی سەدەی بیستەم نەچێت و زۆر مەترسیدار تربێت، بۆیە ململانێیەکان شێوازێکی ئەقڵمەندانەتر بە خۆیانەوە دەگرن! دروست بوونی یەکێتیەکی (ئۆراسیا) دەبێتە هۆی لاوزاکردنی هەژموونی ئەوروپی و ئەمریکیەکان تائەوپەڕی، بەلأم هەرگیز ناتوانێت بنەبڕیان بکات! لە لایەك بەهۆی ئەو قەبارە گەورەیەی هێزو ئامرازەکانی هێز کەلەبەر دەستی هەریەکێکیاندایە، لەلایەکی تر سەرباری بوونی ململانێیەکی سەخت، بەرژەوەندیەکان لەسەردەمی جیهانگەرایدا هەموو هێزەکانی ئەو دووبەرەیەی بەشێوەیەکی وا بەیەکتر بەستۆتەوە، کە کەوتنێکی نائاسابی هەریەکێکیان، وەکو یاری دۆمینۆ، دەبێتە هۆی کەوتن یاخود لاواوازبوون و زیان پێگەیشتنی هەموو لایەنەکانی تر، بۆیە رەنگ بێت تێکشکاندنی هێزە ئەوروپی و ئەمریکیەکان لە بەرژەوەندی خودی هێزە ئۆراسیەکانیشدا نەبێت! بۆیە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندیەکان دەست پێدەکات کە تارادەیەکی باش جۆرە هاوسەنگی و یەکسانیەکی تیادا دەبێت لەنێوان ئەو هێزانەدا، ئەگەر گریمانەی پێچەوانەی ئەمەش بکەین، ئەوا قۆناغێکی ئێجگار ئاڵۆزو وێرانکار بۆ سەراپای مرۆڤایەتی دەست پێدەکات!

## ليستى سەرچاوەكان

### زمانى عەرەبى

### كتێب

١-أ. ني، اوتكين، النظام العالمي للقرن الواحد والعشرين، ترجمة:يونس كامل ديب و د. هاشم حمادى، دار المركز الثقافي للطباعة والنشر والتوزيع، البعة الاولى، ديمشق، سوريا، ٢٠٠٧.

٢-اريك هوبزباوم، عصر التطرفات-القرن العشرين الوجيز، ١٩١٤-١٩٩١، ترجمة:فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠١١.

٣-انتاتولى اوتكين، الاستراتيجية الامريكية للقرن الحادى والعشرين، ترجمة:انورمحمدابراهيم و محمد نصرالدين الجبالي، المشروع القومى للترجمة، المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٣.

٤-بافل باييف، القوة العسكرية و سياسة الطاقة، بوتين والبحث عن العظمة الروسية، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، ادراسات مترجمة ٤١، الطبعة الاولى، ٢٠١٠.

٥-بول كيندى، نشوء و سقوط القوى العظمى، ترجمة:مالك البديرى، الاهلية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان، ١٩٩٤.

٦-جون ميرشايمر، مأساة سياسة القوى العظمى، ترجمة:د. مصطفي محمد قاسم، النشرالعلمى والمطابع-جامعة الملك سعود، المملكة العربية السعودية، ٢٠١٢.

٧-د. ابراهيم ابو الخزام، الحروب و توازن القوى، دراسة شاملة في توازن القوى و علاقتها الجدلية بالحرب والسلام، دار الكتب الجديد المتحدة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩.

٨-د. ابراهيم ابوخزام، اقواس الهيمنة، دراسة لتطورالهيمنة الامريكية من مطلع القرن العشرين حتى الان، دار الكتاب الجديد المتحدة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠٠٤.

٩-د. زهير بوعمامة، امن القارة الاوروبية في السياسة الخارجية الامريكية بعد نهاية الحرب الباردة، دار الوسام العربي، الطبعة الاولى، ٢٠١١.

١٠-دانييل بورشتاين و ارنيه دى كيزا، التنين الاكبر- الصين في القرن الواحد والعشرين-ترجمة:شوقي جلال، عالم المعرفة(٢٧١) سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطنى للثقافة والفنون والادب-الكويت، يوليو، ٢٠٠١.

١١-روبين ميريدث، الفيل والتنين-صعود الهند والصين ودلالة ذلك لنا جميعا، ترجمة:جلال شوقي، عالم المعرفة(٣٥٩)، سلسة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب-الكويت، ٢٠٠٧.

١٢-زبغنيو بريجنسكى، رقعة الشطرنج الكبرى، الاولية الامريكية و متطلباتها الجيوستراتيجة، ترجمة:امل الشرقي، الاهلية للنشر والتوزيع، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان، الطبعة العربية الاولى، ١٩٩٩.

١٣-صامويل هنتجتون، صدام الحضارات-اعادةصنع النظام العالمي، ترجمة:طلعتالشايب، تقديم:د. صلاح القلنصوة، ١٩٩٨.

١٤-عبدالحي يحي ظلوم، حروب البترول الصليبية والقرن الامريكى الجديد، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٥.

١٥-فرنان بروديل، قواعد لغة الحضارات، ترجمة:د. هادى التيمومي، مرجعة:فتحى ليسير، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠٠٩.

١٦فيديا نادكارنى، الشراكات الاستراتيجية في اسيا، توازنات بلا تحالفات، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، دراسات مترجمة (٦٤)، الطبعة الاولى، ٢٠١٤.
١٧-ليستر ثارو، الصراع على القمة- مستقبل المنافسة الاقتصادية بين امريكا واليابان، ترجمة:احمد فؤاد بلبع، عالم المعرفة(٢٠٤)، ديسمبر ١٩٩٥.
١٨-مايكل كلير، دم ونفط، امريكا و استراتيجيات الطاقة:الى اين؟ترجمة:احمد رمو، دار الساقي، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠١١ .
١٩-نيال فرغسون، الحضارة، كيف هيمنت حضارة الغرب على الشرق والغرب؟، ترجمة:سعيد محمد الحسنية، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠١٣.
٢٠-هنرى كيسنجر، الدبلوماسية من الحرب الباردة حتى يومنا هذا، ترجمة:مالك فاضل البديرى، الاهلية للنشر والتوزريع، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان، ١٩٩٥.
٢١-هنرى كيسنجر، النظام العالمي، تاملات حول طلائع الامم و مسار التاريخ، ترجمة:د. فاضل جتكر، دارالكتاب العربي، بيروت، لبنان، ٢٠١٥.
٢٢-يوشكا فيشر، عودة التاريخ-العالم بعد الحادى عشر من ايلول(سبتمبر) و تجديد الغرب، ترجمة:د. هانى الصالح، الطبعة الثانية، العبيكان، المملكة العربية السعودية، الرياض، ٢٠١١.

**گۆڤار**

١-د. عبدالناصر جندلي، النظريات التفسيرية في العلاقات الدولية بين التكيف والتغير في ظل تحولات عالم ما بعدالحرب الباردة، مجلة الفكر، العدد(٥)كلية الحقوق والعلوم السياسة، جامعة محمد خيضر بسكرة.

**زمانی ئینگلیزی**

**بەڵگەنامە:**

١- Joint Statement China-Russia ٢٠٠٠: http://www. fmprc. gov. cn/mfa_eng/wjdt_٦٦٥٣٨٥/٢٦٤٩_٦٦٥٣٩٣/t١٥٧٩٣. shtml
٢- Joint Statement of the Republic of India and the People's Rpublic of China :April ١١, ٢٠٠٥: http://www. mea. gov. in/bilateral-
٣-United Nations, General Assembly, Distr. GENERAL, ORIGINAL:CHINESE AND RUSSIAN, A/٥١/١٢٧, ٢ May ١٩٩٦: http://www. un. org/documents/ga/docs/٥١/plenary/a٥١-١٢٧. htm

**کتێب**

١-Francesca Subbioni, Is the United States declining? Analysis of the US decline in global dominance compared with the "rise" of the rest, in particular with China,١Report dell ISAG,(٦٢)December ٢٠١٥.
٢-Joseph S. Nye, Jr, American and Chinese Power after the Financial Crisis, THE WASHINGTON QUARTERLY j OCTOBER ٢٠١٠,P:١٤٦

٣-T. V. Paul, James J. Wirtz, and Michel Fortman, Balance of power : theory and practice in the ٢١st century / Stanford University Press, Stanford, California,٢٠٠٤:p:٦٩

**پێگەی ئەلیکترۆنی**

-روسيا تعزز قواتها على الاتجاهات الاستراتيجيه، تاريخ النشر ٢٠١٥ .٠١ .٣٠:أخبار روسيا: https://arabic. rt. com/news

٢-الاتحاد الّوراسی يبصر النور، ١يناير ٢٠١٥، ١٢:١٧:http://arabic. sputniknews. com

٣-بگرس الاكبر:ttps://ar. wikipedia. org

**ملخص البحث**

**ثلاثية القوى العظمى(رووسيا – الصين–الهند) ومصير اوراسيا**

(دراسة تاريخية سياسية تحليلية)

بعد انهيار الاتحاد السوفيتى، اعلنت الولايات المتحدة الامريكية النظام العالمى الجديد، المبنى على الهيمنة الامريكية العالمية. في منتصف التسعينات القرن العشرين، بدأت الدول الاسيوية(رووسيا–الهند–الصين) بالنهوض مرة اخرى، وكان هذا بمثابة ظهور بوادر جديدة لحصول التغيرات الجديدة على التوزان القوى العالمية. خصص هذا البحث لدراسة هذه التغييرات و تاثيراتها على مصير و مستقبل اوراسيا.

الهدف الرئيسى من هذا البحث هو فهم هذه التغيرات و تاثيراتها على العلاقات الدولية. السؤال الرئيسى هو هل يستطيع القوى الاسيوية من بناء الاتحاد الاوراسى لمواجهة الهيمنة الامريكية؟ اما فرضية البحث فهى : نعم باستطاعة هذه القوى ، خاصة القوى العظمى بناء مثل هذا الاتحاد ولكن ليس في مستقبل قريب.

يتكون البحث بالاضافة الى المدخل من اربعة مباحث، يتناول المبحث الاول الصراع الامريكى الروسى على اوراسيا، اما المبحث الثانى فخصص لمسألة نهوض اسيا و انعكاساته على الهيمنة الامريكية، المبحث الثالث يتعامل مع سيناريوهات التحالف الصينى–الروسى، تطرق المبحث الرابع والاخير الى ثلاثية القوى العظمى الاسيوية ومصير اوراسيا، وختم البحث باهم النتائج التى وصل اليه الباحث، وذيل البحث بقائمة لاهم المصادر والمراجع المستخدمة.

## ABSTRACT

**Triangle of Superpowers (Russia-China-and India) and the Future of Eurasia**

(An analytical, Political and Historical Study)

After the collapse of the Soviet Union, the United State announced The New World Order. In the mid-١٩٩٠s, the Asian countries, such as China, Russia and India, began flourish. This was the beginning of a great transformation in the International balance of powers. This research tackles the impact of these changes upon the future of Eurasia.

The main goal of this research is to understand the changes and their impact on international relations.

The problem of this search is: Can these countries build a Eurasian unit And reduces the impact of Western and American hegemony, especially In this region and the world?

The hypotheses of the research are" Yes they can build an Eurasian union capable of affecting the Western hegemony, but they can't eliminate this dominance at the present.

Beside the Introduction, the research is composed of four Sections. in the introductions, I shed light on the geopolitical importance of Eurasia. Section one studies Russian-American conflict in Eurasia. Section two is concerned with the rise of Asia and American hegemony. Section three is dedicated to the Asian alliance, especially the Russian - Chinese alliance. Section Four, eventually, is devoted to the triangle of the superpowers and the future of Eurasia.

The research ends with the results and a list of the references cited.